كــــردي سوراني

# حوكمی سیحر وفاڵگرتنەوە

دانەر:

شەیخ عبدالعزیز ئیبن باز -ڕەحمەتی خوای لێبێت-

جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغات

Islamhouse.com

جمعية الدعوة والإرشاد وتوعية الجاليات بالربوة

بسم الله الرحمن الرحيم

# ناميلكەيەك سەبارەت بە

# حوكمی سیحر و فاڵگرتنەوە


دانەر :

شێخ عبدالعزیز ئیبن عبدالله ئیبن باز -ڕەحمەتی خوای لێبێت-

شركاء التنفيذ:

دار الإسلام جمعية الربوة رواد الترجمة المحتوى الإسلامي

يتاح طباعة هذا الإصدار ونشره بأي وسيلة مع الالتزام بالإشارة إلى المصدر وعدم التغيير في النص.

Telephone: +966114454900

ceo@rabwah.sa

P.O.BOX: 29465

RIYADH: 11557

www.islamhouse.com

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# پێشەکی

الحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله، وعلى آله وصحبه ومن اهتدى بهداه، أما بعد:

سیحرکردن لە تاوانە گەورەکانە، ولە حەوت تاوانە فەوتێنەرەکەیە کە خوای گەورە -سبحانە وتعالى- وپێغەمبەرەکەی فەرمانیان کردووە بە دوورکەوتنەوە لێیان، وسیحر زۆر تەشەنەی کردووە لەم سەردەمەدا وبە شێوە وچۆنیەتی جیاواز، جاری وا هەیە بانگەشەی بۆ دەکرێت بەناوی ڕابواردن وگاڵتەکردن لە فلیمەکاندا، وجاری واهەیە بەناوی زوهد وکەراماتەوە، وجاری واهەیە بەناوی روقیەی شەرعیەوە، وجاری واهەیە بەناوی پزیشکی خۆماڵی وچارەسەر بە گژوگیا بانگەشەی بۆ دەکرێت، وجگە لەمانە لەو شێوازە جیاوازانەی کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی سیحر، وهەقیقەتی شاراوەیە لەلای نەفامەکان وئەوانەی چاوڕۆشن نین سەبارەت بە ئاین.

جا لەبەرئەوەی کتێبەکەی موفتی -پێشووی- شانشینی عەرەبستانی سعودیە وسەرۆکی کۆمەڵەی گەورە زانایان وبەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی زانستی وفەتوادان ڕێزدار شێخ عبدالعزیز ئیبن باز -ڕەحمەتی خوای لێبێت- سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی سیحر وئاگادارکردنەوە لێی وحوکمی چوون بۆ لای کاهینەکان -ئەوانەی بانگەشەی زانینی غەیب دەکەن- ؛ بە شێوازێکی ئاسان باسی ئەم بابەتانە دەکات لەگەڵ باسکردنی بەڵگە شەرعیەکان لە قورئانی مەزن وسونەتی پیرۆز وپاک، بۆیە وەزارەتی کاروبارەکارە ئیسلامیەکان وئەوقاف وبانگەوازی وڕێنموێنی ئەم کتێبەی بڵاوکردەوە وچاپی کرد.

كتێبەكەی شێخ ئیبن باز لەبابەتی ڕوونكردنەوەی حوكمی سیحر، وچوون بۆ لای كاهین وساحیرەكان ؛ بەشێكە لە كۆششە پیرۆزەكانی، وهەوڵدانی بەردەوامی بۆ بانگەشەكردنی خەڵكی بۆ خێر وچاكە، وتێگەیشتن لە ئاین، وڕوونكردنەوەی حوكمەكان، وئاگاداركردنەوە لە خراپەكان، وئامۆژگاری كردنی مسوڵمانان، وبانگەوازی كردنیان بۆ دەستگرتن بە قورئانی پیرۆز وسونەتی پێغەمبەرەكەی وڕۆیشتن لەسەر ڕێبازی پێشینی چاك، ودوورخستنەوەی بیرۆكە ومەزهەب وبیروباوەڕی پوچەڵ.

دەستگرتن بە قورئان وسونەت ئەو ڕێبازەیە كە ئەم وڵاتە پیرۆزە وسەركردەكانی لەسەری دەڕۆن خوای گەورە دامەزراویان بكات لەپابەند بوون پێوەی، وهۆكارەكانی یارمەتی وسەرخستن وپشتیوانی كردنی بۆ بهێنێتە دی، وخوای گەورە پاداشتی زۆری شێخ عەلامە ئیبن باز بداتەوە لەسەر دانانی ئەم كتێبە بە باشترین شێوە.

وداواكارین خوای گەورە بیكاتە هۆكاری سوود پێگەیاندن بە ئەوەی دەیخوێنێتەوە یان گوێی لێدەبێت، وهیدایەتمان بدات بۆ دەستگرتن بە قورئان وسونەت، و وەسوەكانی شەیتان وڕێچكەكانیمان لێ دوور بخاتەوە، وخوای گەورە هیدایەتدەرە بۆ ڕێبازی ڕاست، وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وأجمعين.

عبد الله بن عبد المحسن التركي

وەزیری ( الشؤون الإسلامية والأوقاف والدعوة والإرشاد - كاروبارە ئیسلامیەكان وئەوقاف وبانگەوازی وڕێنموێنی )

# حوكمی سيحر و فاڵگرتنەوە وئەو شتانەی پەيوەنديان پێوەی هەيە

بەشێک لەم وتارە بڵاوكراوەتەوە لە بەشی سێيەمی كتێبی (مجموع فتاوى ومقالات متنوعة) بەناونيشانی: (حكم السحر والكهانة وما يتعلق بها)، وهەروەها ئەم وتارە بە كاملی بڵاوكراوەتەوە لە سەرۆكايەتيەوە بەناونيشانی: (رسالة في حكم السحر والكهانة)، وبڵاوكراوەتەوە لە گۆڤاری (اليمامة) و گۆڤاری (مجلة البحوث الإسلامية).

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبي بعده، وبعد:

بەهۆی زۆری تەڵەكەباز ودەستبڕەكان لەم سەردەمەدا لەوانەی بانگەشەی پزيشكی وچارەسەر دەكەن لەڕێگای سيحر وفاڵگرتنەوە، وتەشەنەكردنيان لە وڵاتەكاندا، وهەروەها سادەيی خەڵكی دەقۆزنەوە لە ئەوانەی نەفامن، لەڕوانگەی دڵسۆزبوون وئامۆژگاری لەپێناو خوا وئامۆژگاری بۆ بەندەكانی پێم باش بوو مەترسی گەورەی ڕوون بكەمەوە لەسەر ئيسلام ومسوڵمانان چونكە ئەمە پەيوەست بوونی تێدايە بە جگە لە الله -سبحانه وتعالى- وسەرپێچی كردنی فەرمانی خوای گەورە وپێغەمبەرەكەيەتی -صلى الله عليه وسلم-.

بە پشتيوانی خوای گەورە -سبحانه وتعالى- دەڵێم: ڕێگەپێدراوە بەكارهێنانی چارەسەر بەيەكدەنگی زانايان، ومسوڵمان بۆی هەيە بڕوات بۆ لای پزيشكی نەخۆشييە ناوەكيەكان وبرينەكان ودەمارەكان وهتد، بۆئەوەی نەخۆشيەكەی بدۆزرێتەوە وچارەسەری بۆ دابنێت لە دەرمانە ڕێگەپێدراوەكان لە شەريعەتدا بەو پێيەی لەزانستی پزيشكيدا هاتووە؛ چونكە ئەمە لەبابەتی بەكارهێنانی هۆكارە ئاساييەكانە بۆ چارەسەر وپێچەوانەی تەوەكول نيە بە خوای گەورە، وخوای گەورە

-سبحانه وتعالى- نەخۆشی دابەزاندووە وچارەسەری بۆ دابەزاندووە ؛ هەيە زانستی هەيە سەبارەتی وهەيشە زانستی سەبارەتی نيە، بەڵام خوای گەورە -سبحانه وتعالى- شيفای بۆ بەندەكانی دانەناوە لەو شتانەی حەرامی كردووە.

بۆيە نابێت نەخۆش بچێت بۆ لای كاهينەكان كە بانگەشەی زانينی غەيب دەكەن بۆئەوەی لەڕێگەی ئەوانەوە نەخۆشيەكەی بزانێت، هەروەكو چۆن نابێت باوەڕيان پێبكات لەوەی دەيڵێن چونكە ئەوانە لەخۆيانەوە بانگەشەی زانينی غەيب دەكەن، يان داوای يارمەتی لە جنۆكەكان دەكەن بۆ جێبەجێكردنی ئەو شتانەی دەيانەوێت، ئەوان حوكميان ئەوەيە كافرن وگومڕان ئەگەر بانگەشەی زانينی غەيب بكەن. و[مسلم] لە سەحيحەكەيدا دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

«هەركەسێک بڕوات بۆ لای فاڵگرەوەيەک وپرسياری شتێكی لێ بكات ئەوا چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ ناكرێت»، **ودەفەرموێت:** «وهەركەسێک بچێتە لای كاهينێک وبڕوای پێبكات لەوەی كە دەيڵێت ئەوا كافرە بەوەی كە دابەزيوە بۆ سەر موحەمەد -صلى الله عليه وسلم-».

ولە عيمرانی كوڕی حوصەينەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

«لە ئێمە نييە: ئەو كەسەی باوەڕی هەبێت بە شوميەتی لە شتێكدا يان داوا بكات بە پشكنينی شوميەتی لە شتێكدا، وئەو كەسەی فاڵ بگرێتەوە يان داوا بكات فاڵی بۆ بگيرێتەوە، وئەو كەسەی سيحر بكات يان داوا بكات سيحری بۆ بكرێت، وهەركەسێک بچێتە لای كاهينێک وبڕوای پێبكات لەوەی كە دەيڵێت ئەوا كافرە بەوەی دابەزيوە بۆ سەر موحەمەد -صلى الله عليه وسلم-» [رواه البزار : بإسناد جيد].

وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

«هەركەسێک بچێتە لای فاڵگرەوەيەک يان كاهينێک وبڕوای پێبكات لەوەی كە دەيڵێت ئەوا كافرە بەوەی كە دابەزيوە بۆ سەر موحەمەد -صلى الله عليه وسلم-».

لەم فەرموودە پيرۆزانەدا نەهی كراوە لە ڕۆيشتن بۆ لای كاهين وفاڵگرەوە وساحيرەكان وهاوشێوەكانيان ونەهی كراوە لە پرسيار كردن لێيان وباوەڕكردن پێيان وهەڕەشە لەسەر ئەم كارە هاتووە، واجبە لەسەر فەرمانڕەواكان وكاربەدەستەكان وئەوانەی فەرمان بە چاكە ونەهی لە خراپە دەكەن ؛ لەو كەسانەی دەتوانن نەهی بكەن لە چوون بۆ لای كاهين وفاڵگرەوە وهاوشێوەكانيان، وڕێگری بكەن لە ئەوانەی مامەڵە بەم شتانەوە دەكەن لە بازار وشوێنەكانی تر بەتوندترين شێوە، ونكۆڵی كردن لە ئەوانەی دێن بۆ لايان، ونابێت هەڵبخەڵەتێت بە ڕاستگۆييان لەهەندێک شتدا ونە بە زۆری ئەو خەڵكانەی دێن بۆ لايان چونكە ئەوانە نەزانن، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی كردووە لە چوون بۆ لايان وداواكرنی شت لێيان وباوەڕكردن پێيان چونكە ئەمە خراپە ومەترسی زۆری تێدايە وسەرەنجامی خراپ دەبێت چونكە ئەوان درۆزن وفاسقن.

هەروەها ئەم فەرموودانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی كاهين وساحيرەكان كافرن چونكە ئەوان بانگەشەی زانينی غەيب دەكەن وئەميش كوفرە، وئەوان ناگەن بە مەبەستيان مەگەر لەڕێگەی خزمەتكردی جنۆكەكان وپەرستنيان نەبێت وئەميش كوفرە بە الله شيرک بڕياردانە بۆ ئەو زاتە -سبحانه وتعالى- وئەوەی باوەڕيان پێدەكات لە بانگەشەكەيان لە زانينی غەيب وەكو ئەوان وايە، وهەركەسێک فێری ئەم شتانە بێت لە ئەوانەی سەرقاڵين ئەوا پێغەمبەری خودا -سبحانه وتعالى- بەريئە ودوورە لە ئەو كەسە، ونابێت مسوڵمان هەڵبخەڵەتێت بەئەو شتانەی بانگەشەی بۆ دەكەن كە گوايە چارەسەرە وەكو نووسينەوەی تەڵسيمەكان وكاركردنيان بە قورقۆشم وهتد

له خورافاتەکان، ئەمە بانگەشەی زانینی غەیبە وهەڵخەڵەتاندنی خەڵکیە و هەرکەسێک ڕازی بێت بەمە ئەوا یارمەتیانی داون لەسەر شتە پوچەڵەکانیان وکوفرەکانیان، وهەروەها نابێت هیچ یەکێک لە مسوڵمانان بڕوات بۆ لایان وپرسیاریان لێبکات سەبارەت بەوەی کێ هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕەکەی یان کەسێکی نزیکی دەکات یان چی ڕوودەدات لەنێوان دوو هاوسەر وخێزانەکەیان لە خۆشەویستی و وەفاداری یان دوژمنایەتی وناکۆکی وهتد؛ چونکە ئەمە بانگەشەی غەیبە کە تەنها خوای گەورە -سبحانه وتعالى- دەیزانێت.

وسیحر لە حەرامکراوە کوفریەکانە هەروەکو خوای گەورە سەبارەت بە دوو فریشتەکە لە سورەتی (البقرة) دەفەرموێت:

﴿وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتۡلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلۡكِ سُلَيۡمَٰنَۖ وَمَا كَفَرَ سُلَيۡمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحۡرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلۡمَلَكَيۡنِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنۡ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحۡنُ فِتۡنَةٞ فَلَا تَكۡفُرۡۖ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنۡهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَزَوۡجِهِۦۚ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنۡ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡۚ وَلَقَدۡ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشۡتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنۡ خَلَٰقٖۚ وَلَبِئۡسَ مَا شَرَوۡاْ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمۡۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ﴾

واتە: ﴿جا جووەکان (وازیان لە کتێبی خوا . تەورات . هێناو) شوێنی ئەوە کەوتن، کە شەیتانەکان دەیانخوێندەوە دەربارەی دەسەڵات و حکومەتی سولەیمان، (ئاشکرایە کە) هەرگیز سولەیمان کافر نەبووە، بەڵکو شەیتانەکان کافربوون و

خەڵكيان فێری سيحرو جادوو دەكرد، هەروەها خەڵكيان فێری ئەوە دەكرد كە بۆ هاروت و ماروت دابەزی بوو (كە دوو فريشتە بوون) لە بابل (مەبەستيشيان تێگەياندنی خەڵكی بوو لە سيحرو جادوو). ئەوانيش كەسيان فێری هيچ شتێك نەدەكرد تا پێيان نەوتايە: ئەم كارەی ئێمە بۆ تاقی كردنەوەيەو خۆت كافر مەكە (كەچی هەندێك هەر كۆڵيان نەداو) لەو فريشتانەوە شتی وافێر دەبوون كە ژن و مێردی پێ لە يەك جوودا بكەن، (هەر چەندە) ئەو جادووگەرانە ناتوانن هيچ زيانێك بە كەس بگەيەنن، مەگەر ويستی خوای لەسەر بێت، ئەو خەڵكە سەرگەردانە هەميشە فێری شتێك دەبن كە زيانيان لێدەداو سوودی نيە بۆيان، بێگومان دەشزانن ئەوەی كاڵای وای كڕی بێت و شتی وافێر ببێت لەو دونيا هيچ بەهرەيەكی دەست ناكەوێت، (بەڕاستی) ئەو شتەی ئەوان خۆيانيان پێ فرۆشتووە وكەوتونەتە داوييەوە شتێكی زۆر ناپەسەندە ئەگەر بزانن و تێبگەن (چونكە سيحرو جادوو چەواشە كاريە و كارێكی نادروستە)﴾[سورة البقرة: ١٠٢].

ئەم ئايەتە پيرۆزانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی سيحر كوفرە وساحيرەكان ژن ومێردەكان لەيەک جيا دەكەنەوە، هەروەها ئاماژەيشە بۆئەوەی كە سيحر لەخودی خۆيدا كاريگەری نيە بە سوود يان زيان پێگەياندن، بەڵكو كاريگەری هەيە بە ويستی خوای گەورە -ويستی گەردوونی وقەدەری- چونكە الله -سبحانه وتعالى- خێر وشەڕی دروستكردووە، وزيان لێدان وپشێوی زۆر بووە بەهۆی ئەو چەواشەكارانەوە كە ئەم زانستە زيانبەخشەيان لە موشريكەكانەوە بۆ ماوەتەوە، وخەڵكە لاوازەكانيان تووشی چەواشەكاری كرد.

إنا لله وإنا إليه راجعون، وحسبنا الله ونعم الوكيل.

هەروەها ئايەتە پيرۆزەكە بەڵگەيە لەسەر ئەوەی ئەوانەی فێری سيحر دەبن ؛ فێری شتێک دەبن كە زيانيان پێدەگەيەنێت وسوودی بۆيان نابێت ولای خوای

گەورە هيچ بەشێكيان بۆ نيە لە خێر وپاداشت، ئەم هەڕەشە گەورەيە بەڵگەيە لەسەر گەورەيی خەسارۆمەنديان لە دونيا وقيامەتدا، وئەوان نەفسی خۆيان فرۆشتووە بە كەمترين نرخ، بۆيە خوای گەورە -سبحانە وتعالی- سەرزەنشتی كردوون لەسەر ئەم كارەيان و دەفەرموێت:

﴿وَلَبِئۡسَ مَا شَرَوۡاْ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمۡۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ﴾

واتە: ﴿(بەڕاستی) ئەو شتەی ئەوان خۆيانيان پێ فرۆشتووە و كەوتونەتە داويەوە شتێكی زۆر ناپەسەندە ئەگەر بزانن و تێبگەن (چونكە سيحرو جادوو چەواشە كاريە و كارێكی نادروستە)﴾[سورة البقرة: ١٠٢].

لە ئايەتەكەدا وشەی (الشراء) هاتووە بە مانای فرۆشتن دێت ئەگەرچيش وشەكە لەبنەڕەدا بەمانای كڕين دێت.

داواكارين خوای گەورە عافيەت وسەلامەتمان پێ ببەخشێت لە شەڕ وخراپەی ساحير وكاهين وهەموو تەڵەبازەكان، وهەروەها داواكارين پەروەردگار -سبحانە وتعالی- مسوڵمان بپارێزێت لە شەڕ وزيان وخراپەيان، وفەرمانڕەوايانی مسوڵمانان ڕێنموێنی بكات بۆئەوەی خەڵكی ئاگادار بكەنەوە لێيان وحوكمی خوای گەورەيان بەسەردا جێبەجێ بكەن بۆئەوەی هەموو بەندەكان ڕزگاريان بێت لە شەڕ وزيان وكارە پيس وچەپەڵەكانيان، ئەو زاتە سەخی وبەخشندەيە.

وخوای گەورە هەندێک شتی لە شەريعەتدا داناوە بۆ بەندەكانی كە بەهۆيانەوە خۆيان دەپارێزن لە شەڕ وزيانی سيحر پێش ئەوەی ڕووبدات، وخوای گەورە -سبحانە وتعالی- ئەو شتانەی بۆيان ڕوونكردووەتەوە كە بەهۆيەوە چارەسەر وەردەگرن لەپاش ئەوەی ڕوودەدات ؛ وەكو ڕەحمەت وچاكەكاريەک بەرامبەريان وتەواوكاری نيعمەتەكانی لەسەريان.

ولێرەدا باسی ئەو شتانە دەکەین کە بەهۆیانەوە خۆمان دەپارێزین لە مەترسی سیحر پێش ئەوەی ڕووبدات وئەو شتانەی دەبێتە هۆی چارەسەر لەپاش ڕوودانی لەو ڕێگایانەی ڕێگەپێدراوە لە شەریعەتدا.

لەو شتانەی دەبێتە هۆی خۆپاراستن لە مەترسی سیحر پێش ئەوەی ڕووبدات ؛ گرنگترینیان وبەسوودترینیان بریتیە لە: خۆپاراستن بە ویردە شەرعیەکان ونزاکان وپەناگرتنەکان کە لە سونەتدا هاتوون، ولەوانەش خوێندنی ئایەتی کورسی لەپاش هەموو نوێژێک دوای خوێندنی زیکرەکان لەپاش سەلامدانەوە، وهەروەها خوێندنیان پێش خەوتن، وئایەتی کورسی گەورەترین ئایەتە لە قورئانی پیرۆزدا ؛ خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ﴾

واتە: ﴿خوا زاتێکە جگە لە ئەو هیچ یەکێکی تر پەرستراوی هەق نیە -جگە لە ئەو هیچ یەکێکی تر شایستەی پەرستن نیە- و ئەو هەمیشە زیندووە و ڕاگرو سەرپەرشتیاری (هەموو دروست کراوەکانیەتی)، نە وەنەوز دەیگرێت و نە خەو (چونکە ڕاگرو سەرپەرشتیاری بوونەوەرە)، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەر ئەوزاتە خاوەنیانە، کێ یە ئەوەی (دەتوانێت) تکا بکات لە لای ئەو، بەبێ مۆڵەتی خۆی، دەشزانێت چی لە ئێستاو داهاتوو و ڕابووردودا ڕوویداوەو ڕوودەدات، هیچ کام لە دروستکراوانی زانست و زانیاری تەواویان نیە دەربارەی زانیاری و

زانستەکانی ئەو، مەگەر بەوەی کە خۆی بیەوێت فێریان بکات (ئەم پێشکەوتن و زانستەی سەردەم بەشێکی کەمن لە بەخششەکانی خوا)، فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و زانینی ئەوزاتە هەموو ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوە و پارێزگاریان بەلای خواوە هیچ گران نیە و ماندووی ناکات و هەر ئەو پەروەردگارە بەرز و بڵند و گەورەیە﴾[سورة البقرة: ٢٥٥].

هەروەها خوێندنی -سورەتی الإخلاص-:

﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ * (ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: هەر ئەو (الله) یە خوای تاک وتەنها﴾، هەتا کۆتایی سورەتەکە،

و -سورەتی الفلق- :

﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ * ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: پەنا دەگرم بە دروستکاری بوونەوەر (بەپەروەردگاری بەرەبەیان)﴾، هەتا کۆتایی سورەتەکە،

و -سورەتی الناس- :

﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ * (ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: پەنا دەگرم بە پەروەردگاری خەڵکی﴾، هەتا کۆتایی سورەتەکە،

لە پاش هەموو نوێژێک وخوێندنی ئەم سێ سورەتە لەسەرەتای ڕۆژ لەپاش نوێژی بەیانی، و لەسەرەتای شەو لەپاش نوێژی ئێوارە، و لەکاتی خەوتن، وهەروەها خوێندنی دوو ئایەت لەکۆتایی سورەتی -البقرة- ؛ خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦۚ وَقَالُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ غُفۡرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ﴾

واتە: ﴿پێغەمبەرو ئیمانداران باوەڕیان هەیە بەوەی لە لایەن پەروەردگاریانەوە هاتۆتە خوارەوە، هەموویان باوەڕیان هەیە بە خواو فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی (دەڵێن) هیچ جۆرە جیاوازیەک ناکەین لە نێوان هیچ پێغەمبەرێ لە پێغەمبەرەکانی خوادا (لە باوەڕدا)، هەروەها وتیان: گوێڕایەڵ و ملکەچین (بۆ بەدیهێنەرمان) پەروەردگارا لێخۆش بوونی تۆمان دەوێت و سەرئەنجام هەر بۆ لای تۆیە گەڕانەوە. (٢٨٥) خوای گەورە ئەرک ناخاتە سەر هیچ کەسێک مەگەر بە قەدەر توانای خۆی نەبێت، هەر کارێکی چاک ئەنجام بدات قازانجی تەنها بۆ خۆیەتی و هەر خراپەیەکی کردبێت تەنها دووچاری خۆی دەبێتەوە و لەسەر خۆیەتی (هەر بۆیە ئیمانداران دەڵێن): پەروەردگارا؛ لێمان مەگرە ئەگەر فەرامۆشیمان بەسەردا هات یان گوناهو هەڵەیەکمان لە دەست قەوما، پەروەردگارا؛ ئەرکی سەخت و کاری گران مەدە بەسەرماندا وەکو ئەوەی داوتە بەسەر ئەوانەی پێش ئێمەدا، پەروەردگارا؛ ئەرکێک مەدە بەسەرماندا لە تواناماندا نەبێت، تووشی بەڵاو ناخۆشیەکمان مەکە تواناو هێزو هەناومان لێ ببڕێت، گوناهمان بسڕەوە و چاوپۆشی بکە لە هەڵەو تاوانەکانمان و دای پۆشە، (داواکارین) بەزەییت بێتەوە پیاماندا، ڕەحممان پێ بکە، هەر تۆ پشت و پەناو یاریدەری ئێمەیت، جا بۆیە داوا دەکەین سەرمان بخەیت بەسەر قەومی کافرو خوانەناساندا، (ئا بەو شێوەیە پەروەردگاری مەزن فێری نزای ڕێک و پێکمان دەکات، ئومێدە کە لێشمان وەربگرێت..) کاتێک ئایەتی (٢٨٤) دابەزی هاوەڵانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) سەغڵەت بوون و چوون بۆ خزمەتی..

ئەويش فەرموويەتی: بڵێن گوێڕايەڵ و ملكەچين.. ئينجا خوای گەورە ئايەتی (٢٨٥،٢٨٦)ی دابەزاند بۆ دڵدانەوەيان) (٢٨٦)﴾.

بەسەحيحی هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە -صلی الله عليه وسلم- كە دەفەرموێت:

(هەركەسێک لە شەودا ئايەتی -كورسی- بخوێنێت ئەوا لەلایەن خوای گەورە پارێزگارێکی بۆ دادەنرێت وشەیتان نزیکی نابێتەوە هەتاوەکو بەیانی بەسەردا دێت).

هەروەها بە سەحيحی هاتووە كە فەرموويەتی:

(هەركەسێک دوو ئايەتی كۆتايی سورەتی -البقرة- بخوێنێت ئەوا ئەو شەوە بەسە بۆی).

ماناكەی ئەوەيە -خودا زاناترە- : بەسە بۆی بۆئەوەی پارزێراو بێت لە هەموو شەڕ وزيانێک، وهەروەها زۆر خوێندنی نزای پەناگرتن بە خوای گەورە:

(أعوذ بكلمات الله التامات من شر ما خلق).

لە شەو ورۆژدا بەتايبەتی لەكاتی چوون ومانەوە لە شوێنێک وەكو بينا يان بيابان يان دەرودەشت يان دەريا ؛ چونكە پێغەمبەر -صلی الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

(هەركەسێک بچێتە شوێنێک، وبڵێت: -أعوذ بكلمات الله التامات من شر ما خلق*- هيچ شتێک زيانی پێناگەيەنێت هەتاوەكو لەو شوێنە دەڕوات). *(واتە: پەنا دەگرم بە [وشەكانی خوای گەورە -قورئان- كە بێ كەموكوڕی وعەيبە] لە هەموو شەڕێک كە دروستی كردووە).

وهەروەها سونەتە مسوڵمان لە سەرەتای ڕۆژ و لە سەرەتای شەودا (سێ جار) بڵێت:

(بسم الله الذي لا يضر مع اسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم) واته: (بەناوی خوای گەورە کە لەگەڵ ناوی ئەودا هیچ شتێک زیان ناگەیەنێت لە زەوی وئاسماندا وئەو بیسەر وزانایە).

ئەم زیکر وپەناگرتنانە گەورەترین هۆکارن بۆ خۆپاراستن لە شەڕ وزیانی سیحر وهتد لە شەڕ وزیانەکان ؛ بۆ کەسێک بەڕاستگۆیی وئیمان و بە سینگ فراوانی وپشت بەستن ومتمانە بە خوای گەورە وپەناگرتن پێی بەردەوام بێت لەسەر ووتنیان، وهەروەها گەورەترین چەکە بۆ لابردنی سیحر لەپاش ڕوودانی لەگەڵ زۆر پاڕانەوە لە خوای گەورە وداواکردن لێی -سبحانه وتعالى- بۆئەوەی زیان وکارەسات لەسەر بەندە لابدات. وهەروەها لەو نزایانەی کە لە سونەتدا هاتووە بۆ چارەسەرکردنی سیحر وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم نزایانەی بەسەر هاوەڵانیدا دەخوێند- :

(اللهم رب الناس أذهب البأس واشف أنت الشافي لا شفاء إلا شفاؤك شفاء لا يغادر سقماً) واته: (خودایە، پەروەردگاری خەڵکی، ئەم نارەحەتیە لاببە؛ شیفا بنێرە تەنها تۆ شیفا بەخشیت -الشافي-یت، شیفایەک هیچ نەخۆشیەک نەهێڵێت)، سێ جار دەیڵێت.

هەروەها ئەو روقیەی کە جبریل خوێندی بەسەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم، ئەویش ئەم نزایەیە:

(بِسْمِ اللّٰه أرْقِيكَ، مِنْ كُلِّ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ، مِنْ شَرِّ كُلِّ نَفْسٍ أَوْ عَيْنِ حَاسِدٍ، اللّٰهُ يَشْفِيك، بِسمِ اللّٰهِ أُرقِيك) واته: (بەناوی خودا ڕوقیەت بەسەردا دەخوێنم -بۆئەوەی خودا شیفات بۆ بنێرێت-، لە هەموو شتێک کە ئازارت دەدات، ولە شەڕی هەموو

نەفس وچاوێک کە حەسوودیت پێ ببات، خودا شیفات بۆ بنێرێت، بەناوی خودا ڕوقیەت بەسەردا دەخوێنم)، ودەبێت ئەمە سێ جار دووبارە بکاتەوە.

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی داوە بۆ دەستگرتن بە ووتنی ئەم ویردانە، وهۆکارە بۆ سەلامەتبوون لە هەموو شەڕ وزیانێک.

ولە چارەسەری سیحر پاش ڕوودانی کە چارەسەرێکی سوودبەخشە بۆ پیاو ئەگەر بەسترابێتەوە لە جوتبوون لەگەڵ خێزانەکەی ؛ ئەوەیە حەوت گەڵای سیدر -کنار- بهێنێت وبیکوتێت بە بەرد یان شتێکی هاوشێوەی و بیخاتە نێو تەشێتک ئاوەوە وخۆی پێبشوات وئەم ئایەتانەی بەسەردا بخوێنێت: ئایەتی کورسی و -سورەتی الكافرون-:

﴿قُلۡ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَـٰفِرُونَ * (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: ئەی بێباوەڕەکان -ئەی کافرەکان-﴾، هەتا کۆتایی سورەتەکە،

و-سورەتی الإخلاص- :

﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ * (ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: هەر ئەو (الله) یە خوای تاک وتەنها﴾، هەتا کۆتایی سورەتەکە،

و -سورەتی الفلق- :

﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ * (ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: پەنا دەگرم بە دروستکەری بوونەوەر (بەپەروەردگاری بەرەبەیان)﴾، هەتا کۆتایی سورەتەکە،

و -سورەتی الناس- :

﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ * (ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: پەنا دەگرم بە پەروەردگاری خەڵکی﴾، هەتا کۆتایی سورەتەکە،

وئەو ئایەتانەی باسی سیحر دەکات لە سورەتی (الأعراف)دا ؛ خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَلۡقِ عَصَاكَۖ فَإِذَا هِيَ تَلۡقَفُ مَا يَأۡفِكُونَ ١١٧ فَوَقَعَ ٱلۡحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١١٨ فَغُلِبُواْ هُنَالِكَ وَٱنقَلَبُواْ صَٰغِرِينَ١١٩﴾

واتە: ﴿ئێمە نیگامان نارد بۆ موسا کە دارعەساکەت فڕێ بدە، جا دەستبەجێ (هەر کە فڕێیدا) ئەو فڕو فێڵەی کە دەیانکرد هەمووی هەڵوەشایەوە (١١٧) ئەوسا ئیتر حەق چەسپاو دەرکەوت و پووچەڵیش بووەوە ئەوەی ئەوان دەیانکرد. (١١٨) ئیتر لەو گۆڕەپانەدا (فیرعەون و دارودەستەکەی) شکستیان پێهێنراو بەسەر شۆڕیی و شەرمەزاری گەڕانەوە. (١١٩)﴾[سورة الأعراف: ١١٧-١١٩].

وئایەتەکانی سورەتی (یونس) ؛ خوای گەورە -سبحانه وتعالی- دەفەرموێت:

﴿وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ ٱئۡتُونِي بِكُلِّ سَٰحِرٍ عَلِيمٖ٧٩ فَلَمَّا جَآءَ ٱلسَّحَرَةُ قَالَ لَهُم مُّوسَىٰٓ أَلۡقُواْ مَآ أَنتُم مُّلۡقُونَ٨٠ فَلَمَّآ أَلۡقَوۡاْ قَالَ مُوسَىٰ مَا جِئۡتُم بِهِ ٱلسِّحۡرُۖ إِنَّ ٱللَّهَ سَيُبۡطِلُهُۥٓ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُصۡلِحُ عَمَلَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ٨١ وَيُحِقُّ ٱللَّهُ ٱلۡحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُجۡرِمُونَ٨٢﴾

واتە: ﴿(ئینجا فیرعەون فەرمانیدا) وتی: ئادەی هەرچی جادووگەری زاناو شارەزا هەیە بهێنن و بۆم کۆبکەنەوە. (٧٩) جا کاتێک جادووگەران هاتن و (بڕیاردرا

جادووگەرێی خۆیان بنوێنن و موعجیزەی موسا بەتاڵ بکەنەوە) موسا پێی وتن: دەی چیتان هەیە فڕێی بدەن و بیخەنە ڕوو!! (٨٠) ئەوسا (جادووگەران، جادووی خۆیان نواند) موسا وتی: هەرچی کردووتانە و نیشانی ئەو خەڵکەتانداوەهەمووی جادووە و هیچی تر، بێگومان خوا دوای تاوێکی تر پووچی دەکاتەوە، بەڕاستی خوا کردەوەی ئەوانەی کە تۆوی خراپە دەچێنن چاک و سەرکەوتوو ناکات. (٨١) بەڵکو خوا حەق و ڕاستی دەچەسپێنێت بەفەرمان و ویستەکانی خۆی ئەگەر چی تاوانکارو تاوانباران پێیان ناخۆش بێت. (٨٢)﴾ [سورة یونس: ٧٩-٨٢].

﴿قَالُوا۟ يَـٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلْقِىَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَىٰ ﴿٦٥﴾ قَالَ بَلْ أَلْقُوا۟ ۖ فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِن سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَىٰ ﴿٦٦﴾ فَأَوْجَسَ فِى نَفْسِهِۦ خِيفَةً مُّوسَىٰ ﴿٦٧﴾ قُلْنَا لَا تَخَفْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٦٨﴾ وَأَلْقِ مَا فِى يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوٓا۟ ۖ إِنَّمَا صَنَعُوا۟ كَيْدُ سَـٰحِرٍ ۖ وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ ﴿٦٩﴾﴾

واتە: ﴿ئەوسا جادووگەران وتیان: ئەی موسا؛ یان تۆ دەستبەکاربە و (دار عەسای خۆت) فڕێ بدە، یان ئێمە سەرەتا دەست پێدەکەین و فڕێی دەدەین؟ (٦٥) موسا وتی: نەخێر؛ ئێوە لە پێشدا دەست پێ بکەن، جا هەر دەستیان پێکرد پەت و گوریس و دارو چێوەکانیان وا دەهێنرایە بەرچاوی بەهۆی جادوویانەوە، بێگومان وەک مار بەخێرایی دەڕوات. (٦٦) ئەوسا موسا هەستی کرد بە ترسێک لە دڵ و دەروونیدا. (٦٧) (ئێمەش نیگامان بۆ کرد) وتمان: مەترسە و دڵنیابە چونکە بەڕاستی هەر تۆ بەرزو سەرکەوتوویت. (٦٨)﴾ [سورة طه].

پاش خوێندنی ئەوەی باسکرا بەسەر ئاودا سێ جار دەیخواتەوە وخۆی دەشوات بە ئەوەی ماوەتەوە وبەم شێوەیە نەخۆشیەکە لادەچێت بە ویستی خوای گەورە،

وئەگەر پێویستی کرد دوو جار یان زیاتر دووبارەی دەکاتەوە وئاساییە هەتاوەکو نەخۆشیەکە نامێنێت.

هەروەها لە چارەسەرکردنەکانی سیحر -لە بەسوودترین چارەسەرەکانە- هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی شوێنی سیحرەکە لە زەوی وشاخ وشوێنی تر، ئەگەر شوێنەکەی دۆزرایەوە ؛ دەردەکرێت وپوچەڵ دەکرێتەوە و لەناو دەبرێت بەم شێوەیە سیحرەکە نامێنێت.

ئەوەی باسکرا بە پێی توانا ئەو ڕێکارانەیە کە بەهۆیانەوە خۆپارێزی دەکرێت لە سیحر وچارەسەر کردنی، وخوای گەورە بەخشەری ڕێنمونی وگرتنە بەری ڕێگای ڕاستییە.

بەڵام چارەسەرکردنی سیحر بە کردنی سیحرێکی تر ئەمیش بەهۆی نزیکبوونەوە لە جنۆکە دەبێت بە سەربڕین بۆ یان وجگە لەوانەی تر لە قوربانیەکان بۆیان ؛ ئەمە ڕێگەپێدراو نیە چونکە لە کردەوەی شەیتانە بەڵکو شیرکی گەورەیە. بۆیە واجبە خۆمان بپارێزین لەم شتانە، وهەروەها ڕێگەپێدراو نیە چارەسەر بکرێت بە داواکردن لە کاهین وفاڵگرەوە وتەڵەکەبازەکان وبەکارهێنانی ئەوەی دەیڵێنەوە چونکە ئەوان باوەڕدار نین، ودرۆزن وفاسقن بانگەشەی زانینی غەیب دەکەن وخەڵکی چەواشە دەکەن، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەڕەشەی داوە لە چوون بۆ لایان وداواکردن لێیان وباوەڕکردن پێیان هەروەکو چۆن پێشتر ڕوونکرایەوە لەسەرەتای ناميلكەکەدا.

بە سەحیحی هاتووە کە پرسیار لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کرا سەبارەت بە نوشرە (پوچەڵکردنەوەی سیحر بە سیحرێکی تر)، ئەویش فەرمووی:

«ئەوە لە کردەوەی شەیتانە» [رواه الإمام أحمد وأبو داود بإسناد جيد].

نوشره بريتيه له پوچەڵكردنەوەی سيحر لەكەسێک كه سيحری لێكراوە، ومەبەست لە فەرمايشتەكەی : ئەو (نوشرەيەيە) كه خەڵكی جاهيليەت دەيانكرد، ئەميش بريتی بوو: لە داواكردن لە ساحيرێكی تر بۆئەوەی سيحرێک پوچەڵ بكاتەوە بە كردنی سيحرێكی تر.

بەڵام پوچەڵكردنەوەی بە ڕوقيە وپەناگرتنی شەرعی ودەرمانی ڕێگەپێدراو ؛ ئاساييە هەروەكو پێشتر باسكرا. وئەمە قسەی عەلامە (ئيبن ئەلقەيم) و شێخ (عبد الرحمن بن حسن)ە لە (فتح المجيد) -ڕەحمەتی خوايان لێبێت-، وهەروەها زانايانی تر هەمان ڕايان هەيە لەسەر ئەم بابەتە.

داواكارين لە خوای گەورە كه مسوڵمانان سەركەوتوو ورێنموێنی بكات بۆ عافيەت وسەلامەت بوون لە هەموو شەڕ وخراپەيەک وبيانپارێزێت لە ديندارياندا، وتێگەيشتوويان بكات لە ئايندا، وسەلامەت بوون لە پێچەوانەكردنی شەريعەت، وصلى الله وسلم على عبده ورسوله محمد وعلى آله وصحبه.

# سيحركردنی ئافرەت لە مێردەكەی

لە (عبد العزيز بن عبد الله بن باز)ەوە بۆ برای بەڕێزم... السلام عليكم ورحمة الله وبركاته، وپاشان:

خوای گەورە هيدايەتتان بدات نووسراوەكەتانم پێگەيشت وئەوەی تێيدايە لەوەی تووشتان بووە كاتێک ويستوتە جووت بيت لەگەڵ خێزانە نوێكەتدا، وهەروەها لە ڕۆيشتنت بۆ لای شێخێک وفەتواكەی بۆت وئەوەی خێزانی پێشووت كردوويەتی لەوەی بووە هۆی ڕێگری لە جووتبوونت لەگەڵ خێزانە نوێكەت، وپرسياركردنت سەبارەت بە حوكمی ئەم شتانە ؛ زانراوە.

وەڵام: ئەگەر خێزانی پێشووت دانی بەم كارەدا نابێت، يان سەلمێنرا بێت كە ئەو كارەی كردووە بە بەڵگەوە ئەوا كارێكی زۆر خراپی كردووە، بەڵكو كوفر وگومڕايی كردووە؛ چونكە كارەكەی سيحری حەرامكراوە، وساحير كافرە هەروەكو خوای گەورە -سبحانه وتعالى- دەفەرموێت:

﴿وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتۡلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلۡكِ سُلَيۡمَٰنَۖ وَمَا كَفَرَ سُلَيۡمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحۡرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلۡمَلَكَيۡنِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنۡ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحۡنُ فِتۡنَةٞ فَلَا تَكۡفُرۡۖ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنۡهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَزَوۡجِهِۦۚ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنۡ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡۚ وَلَقَدۡ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشۡتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنۡ خَلَٰقٖۚ وَلَبِئۡسَ مَا شَرَوۡاْ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمۡۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ﴾

واتە: ﴿جا جووەكان (وازيان لە كتێبی خوا . تەورات . هێناو) شوێنی ئەوە كەوتن، كە شەيتانەكان دەيانخوێندەوە دەربارەی دەسەڵات و حوكمی سولەيمان، (ئاشكرايە كە) هەرگيز سولەيمان كافر نەبووە، بەڵكو شەيتانەكان كافربوون و خەڵكيان فێری سيحرو جادوو دەكرد، هەروەها خەڵكييان فێری ئەوە دەكرد كە بۆ هاروت و ماروت دابەزی بوو (كە دوو فريشتە بوون) لە بابل (مەبەستيشيان تێگەياندنی خەڵكی بوو لە سيحرو جادوو). ئەوانيش كەسيان فێری هيچ شتێك نەدەكرد تا پێيان نەوتايە: ئەم كارەی ئێمە بۆ تاقی كردنەوەيەو خۆت كافر مەكە (كەچی هەندێك هەر كۆڵيان نەداو) لەو فريشتانەوە شتی وافێر دەبوون كە ژن و مێردی پێ لە يەك جوودا بكەن، (هەر چەندە) ئەو جادووگەرانە ناتوانن هيچ زيانێك بە كەس بگەيەنن، مەگەر ويستی خوای لەسەر بێت، ئەو خەڵكە سەرگەردانە هەميشە فێری شتێك دەبن كە زيانيان لێدەداو سوودی نيە بۆيان، بێگومان دەشزانن ئەوەی كاڵای وای كڕی بێت و شتی وافێر ببێت لەو دونيا هيچ بەهرەيەكی دەست ناكەوێت، (بەڕاستی) ئەو شتەی ئەوان خۆيانيان پێ فرۆشتووە و كەوتونەتە داوييەوە شتێكی زۆر ناپەسەندە ئەگەر بزانن و تێبگەن (چونكە سيحرو جادوو چەواشە كاريە و كارێكی نادروستە).﴾[سورة البقرة : ١٠٢]

ئەم ئايەتە پيرۆزە بەڵگەيە لەسەر ئەوەی سيحر كوفرە، وساحيرەكان فێری ئەو شتانە دەبن كە زيانيان پێدەگەيەنێت وسووديان پێناگەيەنێت، ولە مەبەستەكانيان بريتيە لە جياكردنەوەی ژن ومێردەكان، وهيچ بەش وپاداشتێكيان بۆ نيە لە قيامەت -يان بەهيچ شێوەيەک ڕزگاريان نابێت لە سزای خوای گەورە- ولە فەرموودەی سەحيحدا هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم- كە دەفەرموێت:

«خۆتان بپارێزن لە حەوت تاوانە وێرانكەر و لەناوبەرەكە، ووتيان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەوانە چين؟ فەرمووی: شيرک وهاوبەشدانان بۆ خوای گەورە، وسيحركردن،

وكوشتنی نەفسێک كە خوای گەورە حەرامی كردووە بكوژرێت مەگەر بە هەق ومافی خۆی نەبێت، وخواردنی ڕیبا (سوو)، خواردنی ماڵی هەتیوان، وڕاكردن لە گۆڕەپانی جیهاددا (پشتكردنە گۆڕەپانی جەنگ وڕاكردن)، وتۆمەتی زینا هەڵواسین بۆ ئافرەتە داوێن پاكە بێئاگاكان (بێ ئاگا وبەریئن لە زیناكردن)».

ئەو شێخەی دەرمانەكەی پێت داوە وادیارە كە ساحیرە وەكو ئافرەتەكە، چونكە كەسێک لە سیحر نازانێت و بەدوایدا ناگەڕێت مەگەر ساحیر بێت، وهەروەها خۆی لە فاڵگرەوە وكاهینە ناسراوەكانە كە بانگەشەی زانینی غەیب دەكەن لە زۆر شتدا، و واجبە لەسەر مسوڵمان ئاگادار بێت لێیان وباوەڕیان پێنەكات لەو شتانەی بانگەشەی بۆ دەكەن -لە زانینی غەیب- چونكە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (هەركەسێک بڕوات بۆ لای فاڵگرەوەیەک وپرسیاری شتێكی لێبكات ئەوا چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ ناكرێت)، وهەروەها لە [مسلم]دا هاتووە، كە دەفەرموێت: (هەركەسێک بچێت بۆ لای فاڵگرەوەیەک یان كاهینێک وباوەڕی پێبكات لەوەی دەیڵێت ئەوا كوفری كردووە بە ئەوەی دابەزیووە بۆ سەر موحەمەد).

بۆیە واجبە تەوبە بكەیت وپەشیمان بیتەوە لە ئەوەی ڕوویدا، ئەم شتانە باس بكەیت بۆ دەستە -هەیئە- وسەرۆكی دادگا سەبارەت بە شێخەكە وئافرەتی پێشووت ؛ بۆئەوەی دادگا وهەیئە ڕێگریان لێبكەن لە كردنی ئەم كارانە، وئەگەر تووشی شتی هاوشێوەی ئەمە بوویت پرسیار لە زانایانی شەریعەت بكە بۆئەوەی چارەسەری شەرعیت پێ بڵێن. خوای گەورە تێگەیشتن لە ئاین ودامەزراوی لەسەری وسەلامەتمیان پێ ببەخشێت لە نزیكبوونەوە لەو شتانەی پێچەوانەی ئیسلامن، ئەو سەخی وبەخشندەیە.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

[«مجموع فتاوى ومقالات متنوعة» إبن باز (٤/ ٤٣١-٤٣٢)]

# حوكمی داواكردن لە ساحیرەكان وتەڵەبازەكان

پ: برایەک بەناوی: ص.ع.ب لە ڕیازەوە لە پرسیارەكەیدا دەڵێت: هەندێک خەڵک هەیە لە هەندێک شوێنی یەمەن پێیان دەڵێن: (سەیدەكان) وئەوانە شتی وا دەكەن كە پێچەوانەی ئاینە وەكو تەڵەكەبازی -شعوذة- وهتد، وبانگەشەی ئەوە دەكەن كە توانای شیفا بەخشینیان هەیە بە خەڵكی لە نەخۆشیە سەختەكان، دەڵێن بەڵگەی ڕاستگۆییان ئەوەیە خەنجەر لە خۆیان دەدەن یان زمانیان دەبڕن پاشان دەیگەڕێننەوە بۆ شوێنی خۆی بەبێ ئەوەی هیچ زیانێک تووشیان ببێت، وئەوان تێیاندایە نوێژ دەكات وهەیانە نوێژ ناكات. وهەروەها حەڵاڵی دەكەن بۆ خۆیان كە هاوسەرگیری بكەن لەگەڵ ئافرەتێک لە كۆمەڵێكی تر بەڵام ڕێگا نادەن كچەكانیان كەسی تر جگە لە خۆیان بیخوازێت، وكاتێک نزا دەكەن بۆ نەخۆشیەكان دەڵێن: (یا الله یا فلان) یەكێک لە باو وباپیرانیان. ولە كۆندا خەڵكی بەگەورە سەیریان دەكردن، ودەیانووت كەسانێكی ئاسایی نین ونزیكن لە خوای گەورە، بەڵكو پێیان دەووترا پیاوانی خوا، وئێستا خەڵكی سەبارەتیان دابەش بوون: تێیاندایە پێچەوانەیان دەوەستێتەوە ئەمانیش گەنجەكان وهەندێک لە خاوەن زانستەكانن، وهەیە هێشتا باوەڕی پێیانە وشوێنیان دەكەوێت ئەوانیش بەتەمەنەكان ونەخوێندەوارەكانن، هیواداریین بەڕێزتان هەقیقەت وڕاستی ڕوون بكەنەوە لەم بابەتەدا؟

و: ئەوانە وهاوشێوەكانیان وەكو سۆفیەكانن كە كردەوەی خراپ وهەڵسوكەوتی پوچەڵ دەكەن، وهەورەها ئەوان لە فاڵگرەوەكانن كە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەتیان دەفەرموێت: (هەركەسێک بڕوات بۆ لای فاڵگرەوەیەک وپرسیاری شتێكی لێبكات ئەوا چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ ناكرێت)،وئەمیش بەهۆی ئەوەی بانگەشەی زانینی غەیب دەكەن، وخزمەتی جنۆكەكان دەكەن، ودەیانپەرستن،

وخەڵكی چەواشە دەكەن بە كردەوەی سیحری جیاواز كە خوای گەورە سەبارەتی دەفەرموێت لە چیرۆكی موسا وفیرعەون:

﴿قَالَ أَلۡقُواْۖ فَلَمَّآ أَلۡقَوۡاْ سَحَرُوٓاْ أَعۡيُنَ ٱلنَّاسِ وَٱسۡتَرۡهَبُوهُمۡ وَجَآءُو بِسِحۡرٍ عَظِيمٍ﴾

واتە: ﴿موسا وتی: دە ئێوە دەست بەكاربن و دایبەزێنن، جا كاتێک دایانبەزاند، جادوویان لە چاوی خەڵكی كردو ویستیان بیانترسێن و جادوویەكی زۆر گەورەیان پێش هێناو بەرپاكرد﴾[سورة الأعراف: ١١٦]،

بۆیە نابێت كەس بچێت بۆ لایان وداوای شتێكیان لێبكات بەهۆی ئەم فەرموودەیە، وهەروەها بەهۆی ئەوەی كە -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: (هەركەسێک بچێت بۆ لای كاهینێک -ئەوەی بانگەشەی زانینی غەیب دەكات- وباوەڕی پێبكات لەوەی دەیڵێت ئەوا كوفری كردووە بە ئەوەی دابەزیووە بۆ سەر موحەمەد)، ولە گێڕانەوەیەكی تردا: (هەركەسێک بچێت بۆ لای فاڵگرەوەیەک یان كاهینێک وباوەڕی پێبكات لەوەی دەیڵێت ئەوا كوفری كردووە بە ئەوەی دابەزیووە بۆ سەر موحەمەد).

سەبارەت بە پاڕانەوەیان لە جگە لە الله و داوای بەهاناوە هاتنیان لە جگە لە الله، یان بانگەشە كردنیان بەوەی باوباپیران وپێشینانیان گەردوون بەڕێوە دەبەن، یان شیفای نەخۆش دەدەن، یان وەڵامی نزاكان دەدەنەوە ئەگەرچیش مردوون وئامادە نین ؛ ئەمانە هەمووی كوفرن بە خوای گەورە -عز وجل- ولە شیركی گەورەیە، واجبە نكۆڵیان لێبكرێت وكەس نەچێت بۆ لایان وداوای هیچ شتێكیان لێ نەكەن وباوەڕیان پێنەكەن، چونكە ئەوان لەم كردەوانەدا كردەوەی فاڵگرەوە وكاهینەكان دەكەن، وهەروەها كردەوەی موشریكەكان دەكەن لە پاڕانەوەیان لە جگە لە الله و داوای بەهاناوە هاتن لە جگە لە الله وداوای یارمەتی لە جگە لە الله دەكەن لە جنۆكەكان ومردووەكان وئەوانەی خۆیان دەدەنە پاڵیان كە بانگەشەی ئەوە دەكەن باوباپیران

وپێشینی ئەوانن یان خەڵكانێكی تر كە دەڵێن خاوەن ویلایەت وكەرامەتن، بۆیە هەموو ئەم كردەوانە لە كاری تەڵەكەباز وكاهین وفاڵگرەوەكانە هەمووی پوچەڵە ونكۆڵی لێكراوە لە شەریعەتی پاكدا.

بەڵام ئەوەی دەیكەن لە هەڵسوكەوتی نامۆ وەكو خەنجەر وشمشێر لە خۆدانیان یان بڕینی زمانیان هەموو ئەمانە چەواشە كردنی خەڵكیە، ولە سیحركردنی حەرامكراوە كە دەقی زۆر هاتووە لە قورئان وسونەتدا سەبارەت بە حەرامكردنی وئاگاداركردنەوە لێی هەروەكو پێشووتر باسكرا، بۆیە پێویستە كەسی ژێر هەڵنەخەڵەتێت بە ئەوانە، وئەم كارانە هاوشێوەی ئەوەیە كە خوای گەورە سەبارەت بە ساحیرەكانی فیرعەون دەفەرموێت:

﴿قَالَ بَلۡ أَلۡقُواْ فَإِذَا حِبَالُهُمۡ وَعِصِيُّهُمۡ يُخَيَّلُ إِلَيۡهِ مِن سِحۡرِهِمۡ أَنَّهَا تَسۡعَىٰ﴾

واتە: ﴿وا دەهێنرایە بەرچاوی بەهۆی جادوویانەوە كە وەكو مار بەخێرایی دەڕوات﴾[ طه: ٦٦].

ئەوان ئەم كارە پوچەڵانە پێكەوە دەكەن: سیحر وتەڵەكەبازی -شعوذة- وفاڵگرتنەوە وشیركی گەورە وداوای یارمەتی و بەهاناوە هاتن لە جگە لە الله، وبانگەشەی زانینی غەیب وهەڵسوكەوت بە گەردوون دەكەن، ئەم جۆرە جیاوازە زۆرانە لە شیركی گەورە وكوفری ئاشكرا وكاری تەڵەكەبازی وبانگەشەی زانینی غەیب ؛ خوای گەورە -عز وجل- هەمووی حەرام كردووە وئەوەی بەتەنها غەیب دەزانێت بەڕەهایی الله یە -سبحانە وتعالی-، هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿قُل لَّا يَعۡلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلۡغَيۡبَ إِلَّا ٱللَّهُۚ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ﴾

واتە: ﴿(ئەی پێغەمبەری (صلی اللە علیە وسلم) پێیان) بڵێ: جگە لە خوا هەرچی لە ئاسمانەكان و زەویدا هەیە هیچیان ئاگادارینین لە پەنهان و شاراوەكان﴾[ النمل: ٦٥]،

واجبە لەسەر هەموو مسوڵمانێک کە حاڵی ئەوانە دەزانێت ؛ نکۆڵیان لێبکات وهەڵسوکەوتە چەوتەکانیان بۆ خەڵکی ڕوون بکاتەوە وهەواڵیان سەبارەت بدات لەلای کاربەدەستەکان ئەگەر لە وڵاتێکی ئیسلامی بوو ؛ بۆئەوەی سزایان بدەن بەو شێوەیەی شایستەن لە شەریعەتدا، و بۆئەوەی شەڕیان دوور بخرێتەوە ومسوڵمانان پارێزراو بن لە پوچەڵی وچەواشەکاریان.

خوای گەورە سەرکەوتوومان بکات.

ص. ع. ب[برنامج: (نور على الدرب) - «مجموع فتاوى ومقالات متنوعة» إبن باز (٥/ ٢٧٦-٢٧٨)]

# چارەسەر لەلای پزیشکی خۆماڵی کە جنۆکە بەکاردەهێنێت بۆ چارەسەر کردن

پ: کۆمەڵێک هەن بە پزیشکی خۆماڵی -شەعبی- خەڵکی چارەسەر دەکەن بەپێی بانگەشەیان وکاتێک چووم بۆ لای یەکێکیان ووتی: ناوت بنووسە وناوی دایکت بنووسە پاشان بەیانی بگەڕێوە بۆ لامان، وکاتێک یەکێک دەچێت بۆ لایان، دەڵێن: تۆ تووشی ئەوە وئەوە بوویت، وچارەسەرت ئەوە وئەوەیە.. ویەکێکیان دەڵێت: کە قورئان بەکاردێنێت لە چارەسەرکردندا، ئایا ڕاتان چیە سەبارەت بەم کەسانە؟ وحوکمی چوون بۆ لایان چیە؟ س.غ.غ لە شاری حائیلەوە.

و: ئەوەی ئەم کارە دەکات بەڵگەی ئەوەیە کە جنۆکە بەکاردێنێت وبانگەشەی زانینی غەیب دەکات، بۆیە دروست نیە چوون بۆ لایان، وهەروەها نابێت بچن بۆ لایان وپرسیاریان لێبکەن؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بەم جۆرە کەسانە دەفەرموێت:

«هەرکەسێک بڕوات بۆ لای فاڵگرەوەیەک وپرسیاری شتێکی لێبکات ئەوا چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ ناکرێت» [روه مسلم].

هەروەها لە فەرموودەی تردا هاتووە کە نەهی کردووە لە چوون بۆ لای کاهینەکان وفالگرەوەکان وساحیرەکان ونەهی کردووە لە داواکردنی شتێک لێیان وباوەڕ پێکردنیان، وفەرمووی:

«هەرکەسێک بچێت بۆ لای کاهینێک وباوەڕی پێبکات لەوەی دەیڵێت ئەوا کوفری کردووە بە ئەوەی دابەزیووە بۆ سەر موحەمەد».

هەركەسێک بانگەشەی زانینی غەیب بکات بە بەرد فڕێدان یان بەکارهێنانی گوێچکە ماسی یان هێڵ کێشان لەسەر زەوی یان پرسیارکردن لە نەخۆش سەبارەت بەناوی دایکی یان ناوی کەسە نزیکەکانی هەموو ئەمانە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو کەسەی فاڵگرەوە وکاهینە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە چوون بۆ لایان ونەهی کردووە لە داواکردنی شتێک لێیان.

واجبە مسوڵمان ئاگادار بێت لێیان وداوای هیچ شتێکیان لێنەکات لە چارەسەر وشتی تر ئەگەرچیش بانگەشەی ئەوە بکەن کە بە قورئان چارەسەر دەکەن، چونکە لە خووی بانگەشەکەرانی پوچەڵ ئەوەیە چەواشەکاری دەکەن وخەڵکی هەڵدەخەڵەتێنن بۆیە نابێت باوەڕیان پێبکرێت لەو شتانەی دەیڵێن، و واجبە لەسەر ئەوەی شتێک سەبارەتیان دەزانێت هەواڵیان لەسەر بدات لەلای کاربەدەستان لە دادوەر وفەرمانڕەوا وناوەندەکانی تر لە هەموو شارێک بۆئەوەی بە حوکمی خوای گەورە بڕیاریان لەسەر بدرێت، و بۆئەوەی مسوڵمانان پارێزراو بن لە شەڕ وزیان وخراپەیان ولە خواردنی پارەی خەڵکی بەناهەقەوە.

وخوای گەورە یارمەتیدەرمان بێت، ولا حول ولا قوة إلا الله.

[«مجموع فتاوى ومقالات متنوعة» ابن باز (٥/ ٤١٨-٤٢٠)]

# دەرمانی شەرعی بۆ چارەسەری سیحر

پ: گوێم لە یەکێک لە زانایان بوو دەیووت: هەرکەسێک پێی وابێت کە سیحری لێکراوە ؛ ئەوا با حەوت گەڵای کنار ببات وپاشان لە سەتڵێک ئاو دای بنێت وئەم دوو سورەتەی بەسەردا بخوێنێت: سورەتەکانی (الفلق والناس)؛ [المعوذات: ئەلموعەویزات]، وئایەتی کورسی وسورەتی -الکافرون-: ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ * بڵێ: ئەی بێباوەڕەکان -ئەی کافرەکان-﴾، هەتا کۆتایی سورەتەکە، وخوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَمَا أُنزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ﴾

واتە: ﴿هەروەها مەردومیان فێری ئەوە دەکرد کە بۆ هاروت و ماروت دابەزی بوو (کە دوو فریشتە بوون) لە بابل (مەبەستیشیان تێگەیاندنی خەڵکی بوو لە سیحرو جادوو)﴾[سورة البقرة: ١٠٢]، وسورەتی (الفاتحة) ؛ ئایا ئەمە ڕاست ودروستە؟ وچی بکات ئەو کەسەی پێی وایە سیحری لێکراوە؟ وەڵاممان بدەنەوە ؛ خوای گەورە پاداشتان بداتەوە.

وەڵام: بێگومان سیحر بوونی هەیە وهەندێکی دروستکردنی خەیاڵە ورِوودەدات وکاریگەری هەیە بە ئیزنی خوای گەورە -عز وجل- هەروەکو خوای گەورە سەبارەت بە ڕاستی وهەقیقەتی بوونی سیحر دەفەرموێت:

﴿وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتۡلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلۡكِ سُلَيۡمَٰنَۖ وَمَا كَفَرَ سُلَيۡمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحۡرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلۡمَلَكَيۡنِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنۡ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحۡنُ فِتۡنَةٞ فَلَا تَكۡفُرۡۖ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنۡهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ

بِهِۦ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَزَوۡجِهِۦۚ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنۡ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡۚ وَلَقَدۡ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشۡتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنۡ خَلَٰقٖۚ وَلَبِئۡسَ مَا شَرَوۡاْ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمۡۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ﴾

واتە: ﴿جا جووەكان (وازیان لە كتێبی خوا . تەورات . هێناو) شوێنی ئەوە كەوتن، كە شەیتانەكان دەیانخوێندەوە دەربارەی دەسەڵات و حكومەتی سولەیمان، (ئاشكرایە كە) هەرگیز سولەیمان كافر نەبووە، بەڵكو شەیتانەكان كافربوون و خەڵكیان فێری سیحرو جادوو دەكرد، هەروەها مەردومیان فێری ئەوە دەكرد كە بۆ هاروت و ماروت دابەزی بوو (كە دوو فریشتە بوون) لە بابل (مەبەستیشیان تێگەیاندنی خەڵكی بوو لە سیحرو جادوو). ئەوانیش كەسیان فێری هیچ شتێك نەدەكرد تا پێیان نەوتایە: ئەم كارەی ئێمە بۆ تاقی كردنەوەیەو خۆت كافر مەكە﴾.

سیحر كاریگەری هەیە بەڵام بە ئیزنی گەردوونی وقەدەری خوای گەورە؛ هەرشتێک لە بووندا بە قەزا وقەدەری الله یە -سبحانه وتعالی-، بەڵام سیحر چارەسەر ودەرمانی هەیە، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- تووشی سیحر بوو بەڵام خوای گەورە شیفای پێبەخشی ورزگاری كرد لە شەڕ وزیانی، وئەوەی ساحیرەكە كردی دۆزرایەوە وبردرا وپوچەڵكرایەوە وئەو چارەسەری بۆ هات -صلی الله علیه وسلم-، بەم شێوەیە ئەگەر ئەوەی ساحیرەكە كردبووی دەدۆزرێتەوە لە پەت ومزمار وشتی تر ؛ ئەوا پوچەڵ دەكرێتەوە و لەناودەبرێت چونكە ساحیرەكان فووی پیس دەكەن بەسەر گرێكاندا بۆ مەبەستە بۆگەنەكانیان لەوەیە ئەوەی ویستیان جێبەجێ ببێت بە ئیزنی خوای گەورە یان لەوەیە پوچەڵ بێتەوە، پەروەردگارمان لەسەر كردنی هەموو شتێك تواناداره -سبحانه وتعالی-، وجاری وا هەیە سیحر چارەسەر دەكرێت بە خوێندنەوەی نزا وئایەتەكانی قورئان ؛ ئەگەر نەخۆشە سیحرلێكراوەكە خۆی

بیخوێنێتەوە ئەگەر ئەقڵی سەلامەت بێت، یان یەکێکی تر بەسەریدا دەخوێنێتەوە بۆیە نەفث دەکات -نەفث: فووی دەمە بەڵام کەمێک تەڕی سەر زمانی لەگەڵدایە و وەکو تف نیە- بەسەر سینگی یان هەر ئەندامێکی تری، ئەم ئایەت وسورەتانەی بەسەردا دەخوێنێتەوە: (الفاتحة)، و(ئایەتی کورسی)، سورەتەکانی (الإخلاص والفلق والناس)، وئایەتەکانی سیحر کە زانراون لە سورەتی (الأعراف) وسورەتی (یونس) وسورەتی (طه)، لە سورەتی (الأعراف) ئەم ئایەتانەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَلۡقِ عَصَاكَۖ فَإِذَا هِيَ تَلۡقَفُ مَا يَأۡفِكُونَ ١١٧ فَوَقَعَ ٱلۡحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١١٨ فَغُلِبُواْ هُنَالِكَ وَٱنقَلَبُواْ صَٰغِرِينَ ١١٩﴾

واتە: ﴿ئێمەش نیگامان نارد بۆ موسا کە دارعەساکەت فڕێ بدە، جا دەستبەجێ (هەر کە فڕێیدا) ئەو فڕو فێڵەی کە دەیانکرد هەمووی هەڵوشایەوە. (١١٧) ئەوسا ئیتر حەق چەسپاو دەرکەوت و پووچەڵیش بووەوە ئەوەی ئەوان دەیانکرد. (١١٨) ئیتر لەو گۆڕەپانەدا (فیرعەون و دارودەستەکەی) شکستیان پێهێنراو بەسەر شۆڕیی و شەرمەزاری گەڕانەوە. (١١٩)﴾.

ولە سورەتی (یونس) خوای گەورە -سبحانه وتعالی- دەفەرموێت:

﴿وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ ٱئۡتُونِي بِكُلِّ سَٰحِرٍ عَلِيمٖ ٧٩ فَلَمَّا جَآءَ ٱلسَّحَرَةُ قَالَ لَهُم مُّوسَىٰٓ أَلۡقُواْ مَآ أَنتُم مُّلۡقُونَ ٨٠ فَلَمَّآ أَلۡقَوۡاْ قَالَ مُوسَىٰ مَا جِئۡتُم بِهِ ٱلسِّحۡرُۖ إِنَّ ٱللَّهَ سَيُبۡطِلُهُۥٓ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُصۡلِحُ عَمَلَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ٨١ وَيُحِقُّ ٱللَّهُ ٱلۡحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُجۡرِمُونَ ٨٢﴾

واتە: ﴿(ئینجا فیرعەون فەرمانیدا) وتی: ئادەی هەرچی جادووگەری زاناو شارەزا هەیە بهێنن و بۆم کۆبکەنەوە. (٧٩) جا کاتێک جادووگەران هاتن و (بڕیاردرا جادووگەریی خۆیان بنوێنن و موعجیزەی موسا بەتاڵ بکەنەوە) موسا پێی وتن: دەی

چیتان هەیە فڕێی بدەن و بیخەنە ڕوو!! (٨٠) ئەوسا (جادووگەران، جادووی خۆیان نواند) موسا وتی: هەرچی کردووتانە و نیشانی ئەو خەڵکەتانداوەهەمووی جادووە و هیچی تر، بێگومان خوا دوای تاوێکی تر پووچی دەکاتەوە، بەڕاستی خوا کردەوەی ئەوانەی کە تۆوی خراپە دەچێنن چاک و سەرکەوتوو ناکات. (٨١) بەڵکو خوا حەق و ڕاستی دەچەسپێنێت بەفەرمان و ویستەکانی خۆی ئەگەر چی تاوانکارو تاوانباران پێیان ناخۆش بێت. (٨٢)﴾[سورة یونس: ٧٩-٨٢].

وله سورەتی (طه) ؛ خوای گەورە -سبحانه وتعالی- دەفەرموێت:

﴿قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلۡقِيَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنۡ أَلۡقَىٰ ٦٥ قَالَ بَلۡ أَلۡقُواْۖ فَإِذَا حِبَالُهُمۡ وَعِصِيُّهُمۡ يُخَيَّلُ إِلَيۡهِ مِن سِحۡرِهِمۡ أَنَّهَا تَسۡعَىٰ ٦٦ فَأَوۡجَسَ فِي نَفۡسِهِۦ خِيفَةٗ مُّوسَىٰ ٦٧ قُلۡنَا لَا تَخَفۡ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡأَعۡلَىٰ ٦٨ وَأَلۡقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلۡقَفۡ مَا صَنَعُوٓاْۖ إِنَّمَا صَنَعُواْ كَيۡدُ سَٰحِرٖۖ وَلَا يُفۡلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيۡثُ أَتَىٰ ٦٩﴾

واتە: ﴿ئەوسا جادووگەران وتیان: ئەی موسا؛ یان تۆ دەستبەکاربە و (دار عەسای خۆت) فڕێ بدە، یان ئێمە سەرەتا دەست پێ دەکەین و فڕێی دەدەین؟ (٦٥) موسا وتی: نەخێر؛ ئێوە لە پێشدا دەست پێ بکەن، جا هەر دەستیان پێکرد پەت و گوریس و دارو چێوەکانیان وا دەهێنرایە بەرچاوی بەهۆی جادوویانەوە، بێگومان وەک مار بەخێرایی دەڕوات. (٦٦) ئەوسا موسا هەستی کرد بە ترسێک لە دڵ و دەروونیدا. (٦٧) (ئێمەش نیگامان بۆ کرد) وتمان: مەترسە و دڵنیابە چونکە بەڕاستی هەر تۆ بەرزو سەرکەوتوویت. (٦٨)﴾[سورة طه: ٦٥،٦٩].

هەروەها سورەتەکانی (الکافرون والإخلاص والفلق والناس) دەخوێنێت:

﴿قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ * (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: ئەی بێباوەڕەكان -ئەی كافرەكان-﴾، هەتاوەكو كۆتايي سورەتەكە،

و﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ * (ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: هەر ئەو (الله) يە خوای تاك وتەنها يە﴾، هەتاوەكو كۆتايي سورەتەكە،

و﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ * (ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەی ئيماندار) بڵێ: پەنا دەگرم بەو پەروەردگارەی كە بەرەبەيان پێش دەهێنێت﴾، هەتاوەكو كۆتايي سورەتەكە،

و﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ * (ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەی ئيماندار) بڵێ: پەنا دەگرم بە پەروەردگاری خەڵكی﴾، هەتاوەكو كۆتايي سورەتەكە، وباشتر وايە سورەتەكانی (الإخلاص والفلق والناس) سێ جار بخوێنێت،

پاشان نزای شيفای بۆ دەكات:

(اللهم رب الناس أذهب البأس وأشف أنت الشافي لا شفاء إلا شفاؤك شفاءً لا يغادر سقماً ) واتە: (خودايە، پەروەردگاری خەڵكی، ئەم نارەحەتيە لاببە؛ شيفا بنێرە تەنها تۆ شيفا بەخشيت -الشافي-يت، شيفايەک هيچ نەخۆشيەک نەهێڵێت) ؛ سێ جار ئەمە دووبارە دەكاتەوە،

وبەم شێوەيە ڕوقيەی بەسەردا دەخوێنێت:

(بسم الله أرقيك من كل شيء يؤذيك ومن شر كل نفس أو عين حاسد الله يشفيك بسم الله أرقيك) واتە: (بەناوی خودا ڕوقيەت بەسەردا دەخوێنم ، لە هەموو شتێک

كە ئازارت دەدات، ولە شەڕی هەموو نەفس وچاوێک كە حەسوودیت پێ ببات، خودا شیفات بۆ بنێرێت، بەناوی خودا ڕوقیەت بەسەردا دەخوێنم) ؛ وسێ جار دەیخوێنێت ونزای شیفا وسەلامەتی بۆ دەكات، وئەگەر لە ڕوقیەكەدا بڵێت: (أعيذك بكلمات الله التامات من شر ما خلق) واتە: (پەنات دەگرم بە وشەكانی خوای گەورە -قورئان- كە بێ كەموكوڕی وعەیبە لە هەموو شەڕێک كە دروستی كردووە)؛ وئەگەر ئەمە سێ جار بخوێنێت شتێكی چاكە.

هەموو ئەمانە لە چارەسەری بەسوودن وئەگەر ئەم ڕوقیە ونزایانە بخوێنێت لەسەر ئاوێک پاشان سیحرلێكراو بیخواتەوە وخۆی پێ بشوات هەموو ئەمانە لە هۆكاری شیفا وعافیەت وچارەسەرن بە ئیزنی خوای گەورە، وئەگەر گەڵای كناری كوتراو تێكەڵ بە ئاوەكە بكات ئەوا ئەمیش لە هۆكاری شیفایە، وئەمە زۆر تاقیكراوەتەوە وخوای گەورە كردوویەتی بەهۆكاری سوودگەیاندن، ولەگەڵ زۆر كەس ئەمەمان بەكارهێناوە ؛ سوودیان پێگەیشتووە بە ئیزنی خوای گەورە، ئەمە دەرمانێكی بەسوودە بۆ سیحرلێكراوەكان، وئەم دەرمانە چارەسەرە بۆئەوەی بەستراوەتەوە لە جووتبوون لەگەڵ خێزانەكەی، چونكە هەندێک كەس دەبەسترێتەوە وناتوانێت جووت بێت لەگەڵ خێزانەكەی؛ ئەگەر ئەم ڕوقیە ونزایە بەكاربهێنێت ئەوا سوودی بۆی دەبێت بەئیزنی خوای گەورە، ئەگەر خۆی بەسەر خۆیدا بیخوێنێت یان یەكێكی تر بەسەریدا بیخوێنێت یان بە سەر ئاودا بخوێندرێت پاشان بیخواتەوە و خۆی پێبشوات، هەموو ئەمانە بەئیزنی خوای گەورە سوودی هەیە بۆ ئەوەی سیحری لێكراوە وبەستراوەتەوە لە جووتبوون لەگەڵ خێزانەكەی، ئەمانە لە هۆكارەكانی چارەسەرن وخوای گەورە -سبحانه وتعالى- شیفا بەخشە -الشافي-یە وتەنها ئەو لە سەر كردنی هەموو شتێک تواناداره، هەموو شتێک لە نەخۆشی وچارەسەر بەدەستی ئەوە، وهەموو شتێک بە قەزا وقەدەری ئەوە -سبحانه

وتعالى-، وبە سەحيحی هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم- كە فەرموويەتی:

(خوای گەورە هەر نەخۆشيەكی دابەزاندبێت، ئەوا چارەسەرێكی بۆ دابەزاندووە، زانيويەتی سەبارەتی ئەو كەسەی سەبارەتی زانستی هەيە، ونەيزانيوە سەبارەتی ئەو كەسەی لێی نازانێت).

وئەميش فەزڵی خوای گەورەيە -سبحانە وتعالى-، وخوای گەورە سەرخەر وهيدايەتدەرە بۆ ڕێبازی ڕاست.

[برنامج: نور على الدرب الشريط: ٥٣ - «مجموع فتاوى ومقالات متنوعة» ابن باز (٦/ ٢٨٨-٢٩٠)]

# ڕوونکردنەوەی هەقیقەتی چوونی جنۆکە بۆ نێو لاشەی مرۆڤ و ڕەتدانەوەی ئەوانەی نکۆڵی لەمە دەکەن

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وأصحابه ومن اهتدى بهداه.

هەندێک ڕۆژنامەی ناوخۆیی ورۆژنامەی تر لە شەعبانی ساڵی ١٤٠٧ ك هەندێک وتاری کورت ودرێژیان بڵاو کردەوە سەبارەت بەوەی ڕوویدا لە مسوڵمانبوونی هەندێک جنۆکە -کە چووبونە نێو لاشەی مسوڵمانانەوە لە ڕیاز- لە لای من، پاش ئەوەی لەلای برامان عبد الله ئیبن مشرف ئەلعومەری لە ڕیاز مسوڵمان بوونی خۆیان ڕاگەیاند دوای ئەوەی شێخی ناوبراو ڕوقیەی خوێند بەسەر نەخۆشەکە وقسەی کرد لەگەڵ جنۆکەکە ویادی خستەوە کە خوای لەبیربێت وئامۆژگاری کرد وپێی ووت کە ستەمکردن حەرامە وتاوانێکی گەورەیە، وبانگەوازی کرد بۆ مسوڵمان بوون وپێی ووت کە ئەو جنۆکەیەکی کافر وبوزیە، وبانگەوازی کرد بۆ ئەوەی دەربچێت لەلاشەی وجنۆکەکە قەناعەتی کرد بە بانگەوازەکە ومسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند لەلای عبداللە، پاشان عبداللە داوای لە کەسوکاری ئافرەتەکە کرد کە بیهێنن وئامادە بن بۆئەوەی گوێمان لە مسوڵمانبوونی جنۆکەکە بێت، ئامادە بوون وپرسیارم لێکرد سەبارەت بە هۆکارەکانی مسوڵمان بوونی ئەویش هۆکارەکانی ووت وبە زمانی ئافرەتەکە قسەی کرد بەڵام قسەی پیاو بوو نەک ئافرەت، ئەو لەسەر کورسیەکەی تەنیشتم دانیشتبوو وبرا وخوشکێکی وعبداللە ئیبن موشرف وهەندێک شێخ شاهێدی لەسەر ئەم ڕووداوە دەدەن وگوێیان لە قسەی جنۆکەکە بوو.

بەئاشکرایی مسوڵمان بوونی خۆی ڕایگەیاند، وڕاگەیاند ئەو هیندیە وئاینی بوزیە، بۆیە ئامۆژگاریم کرد بە تەقوای خوای گەورە، ودەربچێت لە لاشەی ئەم ئافرەتە

ودوور بكەوێتەوە لە ستەملێكردنی، ئەويش وەڵامی دايەوە و ووتی: من قەناعەتم بە قسەكانت هەيە، و وەسيەتم كرد بەوەی بانگەوازی گەلەكەی بكات بۆ ئيسلام پاش ئەوەی خوای گەورە هيدايەتی دا، ئەويش پەيمانی خێری دا ودەرچوو لەلاشەی ئافرەتەكە ودوايين قسە كە ووتی: السلام عليكم، پاشان ئافرەتەكە بەزمانی ئاسايی خۆی قسەی كرد هەستم كرد باش وئارام بووەتەوە لەو نارەحەتيەی تووشی ببوو.

پاشان گەڕايەوە بۆ لام پاش مانگێک يان زياتر لەگەڵ برا وخاڵۆ وخوشكێكی و ووتی كە ئەو لە خێر وعافيەتدايە وجارێكی تر تووشی نەبووە والحمد لله، وپرسيارم لێيكرد سەبارەت بە حاڵەتی كاتێک لەنێو لاشەيدا بوو ئەويش ووتی بيركردنەوەی زۆر خراپی بۆ دەهات كە پێچەوانەی شەرعە وهەستی بەلادان دەكرد بۆ ئاينی بوزيەت وسەيركردنی كتێبەكانی. پاشان كە خوای گەورە شيفای پێبەخشی ئەم بيركردنەوانەی نەمان وگەڕايەوە بۆ حاڵی يەكەمی كە دوور بوو لەم بيركردنەوە چەوتانە.

پێم گەيشتووە كە شێخ عەلی تەنتاوی نكۆڵی لەم بابەتە دەكات، وباسی ئەوە دەكات كە ئەمە درۆيە وچەواشەكاريە ولەوەيە تۆماركراوێكی دەنگی بێت لەگەڵ ئافرەتەكە وئافرەتەكە خۆی ئەم قسانەی نەكردووە، وداوای ئەو شريتەم كرد كە قسەكانی تێدا وتووە بۆيە زانيم ئەمە ڕای ئەوە، وزۆر پێم سەيرە كە پێی وايە ئەمە تۆماركراوە ئەگەرچيش من زۆر پرسيارم لە جنۆكەكە دەكرد و ئەويش وەڵامی دەدايەوە، وئەمە ناشيرينترين هەڵەيە ورێگەدانە بە پوچەڵێتی، وهەروەها بانگەشەی ئەوە دەكات كە مسوڵمان بوونی جنۆكە لەسەر دەستی مرۆڤ پێچەوانەی ئەم ئايەتە كە خوای گەورە لە چيرۆكی پێغەمبەر سولەيمان دەفەرموێت:

﴿وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنبَغِي لِأَحَدٍ مِّن بَعْدِي﴾

واتە: ﴿و دەسەڵاتێكم پێبببەخشە كە دەست نەدات بۆ كەسی تر لە دوای خۆم﴾[سورة ص : ٣٥]،

وبێگومان ئەمە هەڵەیە لە ئەوەوە ؛ خوای گەورە هیدایەتی بدات، وتێگەیشتنێکی پوچەڵە؛ هیچ شتێک نەهاتووە لە ئیسلامدا کە مسوڵمان بوونی جنۆکە لەسەر دەستی مرۆڤ پێچەوانەی بانگەوازی پێغەمبەر سولەیمان بێت، کۆمەڵێکی زۆر لە جنۆکە لەسەر دەستی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مسوڵمان بوون.

خوای گەورە ئەمەی ڕوونکردووەتەوە لەسورەتەکانی (الأحقاف والجن)، وهەروەها لە هەردوو سەحیحدا هاتووە لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

(شـــەیتان هاتە پێشـــم و هەوڵیدا نوێژەکەم ببڕێت، بەڵام خوای گەورە زاڵی کردم بەسەریدا وگرتم، بیرم لەوە کردەوە بیبەستمەوە بە یەکێک لە ستوونەکانی مزگەوت هەتاوەکو بەیانی ببینن، پاشـان قسـەکەی پێغەمبەر سـولەیمانم بیرکەوتەوە -عليه السلام- کە دەڵێت: ﴿وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنبَغِي لِأَحَدٍ مِّن بَعْدِي﴾ واتە: ﴿و دەسەڵاتێکم پێببەخشـە کە دەسـت نەدات بۆکەسی تر لە دوای خۆم﴾[سـورة ص : ٣٥]، بۆیە خوای گەورە شەیتانی دوورخستەوە -بەسەرشۆڕی-).

ئەمە گێڕانەوەی (البخاري)یە ولە گێڕانەوەی (مسلم)دا هاتووە:

(عفریتێک لە جنۆکەکان بەدەورمدا سوڕی دەخواردەوە بۆئەوەی نوێژەکەم پێببڕێت وخوای گەورە زاڵی کردم بەسەریدا وگرتم، بیرم لەوە کردەوە بیبەستمەوە بە یەکێک لە ستوونەکانی مزگەوت هەتاوەکو بەیانی هەمووتان ببینن، پاشان قسەکەی سولەیمانی برام بیرکەوتەوە -عليه السلام- کە فەرموویەتی: ﴿رب اغفر لي وهب لي ملكاً لا ينبغي لأحد من بعدي﴾ واتە: ﴿پەروەردگارا لێم خۆش بە و دەسەڵاتێکم پێببەخشە کە دەست نەدات بۆکەسی تر لە دوای خۆم﴾ [سورة ص : ٣٥] ؛ بۆیە خوای گەورە شەیتانی دوورخستەوە -بەسەرشۆڕی-).

و[النسائي] دەيگێڕێتەوە لەسەر مەرجی [البخاري] لە عائيشەوە كە پێغەمبەر -صلی الله عليه وسلم- شەيتان هات بۆ لای ئەويش گرتی وخەريک بوو بيخنكێنێت، پێغەمبەری خودا -صلی الله عليه وسلم- فەرمووی:

(هەتاوەكو هەستم كرد بە ساردی زمانی لەسەر دەستم، وئەگەر نزاكەی سولەيمان نەبوايە ئەوا دەمبەستەوە بۆئەوەی بەيانی خەڵكی ببينن)،

[أحمد وأبو داود] لە فەرموودەی ئەبی سەعيد دەيگێڕنەوە كە دەفەرموێت:

(بەدەستم گرتم خەريک بوو دەمخنكاند تەنانەت هەستم كرد بەساردی ليكی لەنێو پەنجەكانم -پەنجە گەورە وئەوەی تەنيشتی-).

[بوخاری] لە سەحيحەكەيدا دەيگێڕێتەوە بە موعەلەق و لە [فتح الباري] هاتووە لە (ب٤ ، ل٤٨٧) لە ئەبی هورەيرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە دەڵێت:

(پێغەمبەری خودا -صلی الله عليه وسلم- كردمی بە سەرپەرشتيار لەسەر پاراستنی زەكاتی مسوڵمانان كەسێک هات بەچنگ خواردنی دەبرد ومنيش گرتم و ووتم والله دەتبەم بۆ لای پێغەمبەری خودا ئەويش ووتی: من زۆر فەقيرم ومنداڵم هەيە، دەڵێت: منيش وازم لێهێنا، بەيانيم بەسەردا هات پێغەمبەری خودا -صلی الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەی ئەبو هورەيرە ديلەكەت ئەمشەو چی كرد؟ ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا سكاڵای زۆر پێويستی ومنداڵەكانی كرد، ومنيش بەرمدا، فەرمووی:درۆی كرد، وجارێكی تر دێتەوە، زانيم جارێكی تر دێتەوە چونكە پێغەمبەری خودا وای فەرموو، چاودێريم كرد وهاتوو بە چنگ خواردنی دەبرد وگرتم و ووتم: دەتبەم بۆ لای پێغەمبەری خودا، ووتی: وازم لێبێنە زۆر فەقيرم ومنداڵم هەيە وناگەڕێمەوە، ومنيش ڕەحمم پێكرد وبەرمدا، پێغەمبەری خودا پێمی فەرموو: ئەی ئەبو هورەيرە ديلەكەت ئەمشەو چی كرد؟ ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا سكاڵای زۆر

پێویستی ومنداڵەکانی کرد، بۆیە منیش ڕەحمم پێکرد و بەرمدا، فەرمووی: ئەو درۆی لەگەڵت کرد ودەگەڕێتەوە، چاوەڕێم کرد جاری سێیەم ئەویش هات و بە چنگ خواردنی دەبرد وگرتم و ووتم: دەتبەم بۆ لای پێغەمبەری خودا ، ئەمە سێیەم جار ودوایینە، دەڵێیت ناگەڕێیتەوە وپاشان دەگەڕێیتەوە، ووتی: وازم لێبێنە هەندێک وشەت فێر دەکەم کە خوای گەورە سوودت پێبگەیەنێت، ووتم: چیە؟ ووتی: ئەگەر چوویتە سەر جێگاکەت ئایەتی کورسی بخوێنە هەتاوەکو ئایەتەکە تەواو دەکەیت ؛ خوای گەورە پارێزگارێکت بۆ دادەنێت وشەیتان نزیکت نابێتەوە هەتاوەکو بەیانیت بەسەردا دێت، بۆیە منیش بەرمدا، وبەیانیم بەسەردا هات، پێغەمبەری خودا پێمی فەرموو: دیلەکەت شەمشەو چی کرد؟ ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا بانگەشەی ئەوەی کرد کە هەندێک وشەم فێر دەکات کە خوای گەورە بەهۆیانەوە سوودم پێدەگەیەنێت ؛ بۆیە منیش بەرمدا، ووتی: ئەو وشانە چین؟ ووتم: ووتی ئەگەر چوویتە سەر جێگاکەت ئایەتی کورسی بخوێنە: ﴿الله لا إله إلا هو الحي القيوم﴾، هەتاوەکو ئایەتەکە تەواو دەکەی ؛ خوای گەورە پارێزگارێکت بۆ دادەنێت وشەیتان نزیکت نابێتەوە هەتاوەکو بەیانیت بەسەردا دێت، بۆیە منیش بەرمدا، وبەیانیم بەسەردا هات، پێغەمبەری خودا پێمی فەرموو: ئەو ڕاستی لەگەڵتدا کرد بەڵام خۆی درۆزنە، ئایا دەزانیت سێ شەوە قسە لەگەڵ کێ دەکەیت ئەی ئەبو هورەیرە؟ووتم: نەخێر، فەرمووی: ئەو شەیتان بوو).

لە هەردوو سەحیحدا سەفیە -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

(شەیتان بەناو -لاشەی- نەوەی ئادەمدا دەڕوات هەروەکو ڕۆیشتنی خوێن).

وئیمامی [أحمد] لە [المسند : ب٤ ل٢١٦] بە ئیسنادێکی سەحیح دەیگێڕێتەوە کە عوسمان ئیبن ئەبی عاس -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی:

ئەی پێغەمبەری خودا شەیتان دێتە نێوان من ونوێژەکەم وخوێندنەوەکەم -نوێژەکەم لێ تێکدەدات-، ئەویش فەرمووی: (ئەوە شەیتانێکە پێی دەووترێت خینزەب ئەگەر هەستت پێکرد پەنا بگرە بە خوای گەورە لێی وسێ جار تف بکە بە لای چەپت، دەڵێت: منیش ئەوەم کرد بۆیە خوای گەورە -عز وجل- ئەو شتەی لەسەرم لابرد).

لە فەرموودە سەحیحەکاندا هاتووە کە هەموو مرۆڤێک قەرینێک -هاوشانێکی- لەگەڵدایە لە فریشتە وقەرینێک لە شەیتان تەنانەت پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- مەگەر ئەوە نەبێت خوای گەورە سەلامەتی کردووە لە شەڕ وزیانی بۆیە تەنها فەرمانی خێر وچاکەی پێدەکات. وقورئان وسونەت ویەکدەنگی ئومەت ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە جنۆکە دەچێتە نێو لاشەی مرۆڤەوە وتووشی پەرکەمی دەکات، ئیتر چۆن کەسانێک بەناوی زانستی شەرعیەوە نکۆڵی لەمە دەکەن بە بێ زانست ورێنموێنیەک بەڵکو وەکو چاولێکاریەک بۆ ئەهلی بیدعە کە پێچەوانەی ئەهلی سونە وجەماعەتن، خوای گەورە یارمەتی وپەنامان بدات ولا حول ولا قوة إلا بالله. خوێنەری بەڕێز هێندەی بتوانم قسەی زانایانت بۆ باس دەکەم لەسەر ئەم بابەتە إن شاء الله.

ڕوونکردنەوەی قسەی ڕاڤەکاران (موفەسیرەکان) -ڕەحمەتی خوایان لێبێت- لەسەر ئەم ئایەتە کە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِي يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مِنَ ٱلۡمَسِّۚ﴾

واتە: ﴿ئەوانەی سوو دەخۆن، هەڵسوکەوت ناکەن و ڕاست نابنەوە (لە گۆڕدا) مەگەر وەک ئەو کەسەی کە شەیتان دەستی لێوەشاندبێت (هەر لە دنیادا سروشتی نین، لە قیامەتیشدا وەک شێت دەبن)﴾[سورة البقرة: ٢٧٥].

ئەبو جەعفەر ئیبن جەریر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: واتا شەیتان لەدونیادا وەکو شێتی لێدەکات، وهەوڵدەدات بیخنکێنێت وتووشی شێتی وپەرکەمی بکات بەهۆی دەستلێوەشانی جنۆکە (مەس)ەوە.

لە ڕاڤەی ئایەتی:

﴿ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِى يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مِنَ ٱلۡمَسِّ﴾

واتە: ﴿ئەوانەی سوو دەخۆن، هەڵسوکەوت ناکەن و ڕاست نابنەوە (لە گۆڕدا) مەگەر وەک ئەو کەسەی کە شەیتان دەستی لێوەشاندبێت (هەر لە دنیادا سروشتی نین، لە قیامەتیشدا وەک شێت دەبن)﴾[سورة البقرة: ٢٧٥]،

وبەغەوی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: شێتی، دەووترێت پیاوەکە تووشی مەس بوو ئەگەر شێت بێت.

لە ڕاڤەی ئایەتی:

﴿ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِى يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مِنَ ٱلۡمَسِّ﴾

واتە: ﴿ئەوانەی سوو دەخۆن، هەڵسوكەوت ناكەن و ڕاست نابنەوە (لە گۆڕدا) مەگەر وەک ئەوکەسەی کە شەیتان دەستی لێوەشاندبێت (هەر لە دنیادا سروشتی نین، لە قیامەتیشدا وەک شێت دەبن)﴾[سورة البقرة: ٢٧٥]،

واتا: هەڵدەستن لەگۆڕەکانیان لەڕۆژی قیامەتدا وەکو ئەوکەسەی تووشی پەرکەم وسەرلێشێواں بووە بەهۆی دەستلێوەشان وئازاری شەیتانەوە وئەمیش هەڵسانەوەیەکی نەرێنی وخراپە لەوەسفکردنیاندا. وئیبن عەباس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت:

(ئەوانەی ڕیبا دەخۆن لەڕۆژی قیامەتدا زیندوو دەکرێنەوە وەکو شێتێکی خنکێنراو) [رواه ابن أبي حاتم].

ولە عەوف ئیبن مالیک وسەعیدی کوڕی جوبەیر وئەلسودی ورەبیعی کوڕی ئەنەس وقەتادە وموقاتیل کوڕی حەیان هەمان شت گێڕدراوەتەوە، مەبەستی لە قسەکانی تەواو -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

سەبارەت بە ڕاڤەی ئایەتی :

﴿ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِي يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مِنَ ٱلۡمَسِّ﴾

واتە: ﴿ئەوانەی سوو دەخۆن، هەڵسوكەوت ناكەن و ڕاست نابنەوە (لە گۆڕدا) مەگەر وەک ئەوکەسەی کە شەیتان دەستی لێوەشاندبێت (هەر لە دنیادا سروشتی نین، لە قیامەتیشدا وەک شێت دەبن)﴾[سورة البقرة: ٢٧٥].

قورتوبی دەڵێت: ئەم ئايەتە بەڵگەيە لەسەر پوچەڵێتی بانگەشەی ئەوانەی دەڵێن جنۆكە مرۆڤ تووشی پەركەم وتێكچوون ناكات وبانگەشەی ئەوە دەكەن ئەمە بەهۆی هەڵسوكەوتی خۆيەتی وشەيتان ناچێتە لاشەی مرۆڤ وتووشی مەس وئازاری ناكات، قسەكەی تەواو، وقسەی زانايان لەم مانايەدا زۆرن، وئەوەی بيەوێت دەيدۆزێتەوە.

وشێخی ئيسلام ئيبن تەيميە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- لە كتێبی : (إيضاح الدلالة في عموم الرسالة للثقلين) لە مجموع الفتاوى ب١٩ ل٩ هەتا ل٦٥ پاش قسەی پێشوو، دەڵێت: بۆيە كۆمەڵێك لە موعتەزيلەكان وەكو جبائی وئەبی بەكری رازی وهتد نكۆڵی دەكەن لە چوونی جنۆكە بۆ نێو لاشەی مرۆڤ ونكۆڵی ناكەن لە بوونی جنۆكە، چونكە ئەمە بە ڕوونی باسنەكراوە لە فەرموودەكانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەكو باسكردنی بوونی جنۆكەكان بەڵام لەگەڵ ئەمەيشدا ئەوان لەسەر هەڵەن.بۆيە ئەشعەری لە (مقالات أهل السنة والجماعة) دەڵێت: ئەوان دەڵێن جنۆكە دەچێتە لاشەی مرۆڤەوە، هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِي يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مِنَ ٱلۡمَسِّۚ﴾

واتە: ﴿ئەوانەی سوو دەخۆن، هەڵسوكەوت ناكەن و ڕاست نابنەوە (لە گۆڕدا) مەگەر وەک ئەوكەسەی كە شەيتان دەستی لێوەشاندبێت (هەر لە دنيادا سروشتی نین، لە قيامەتيشدا وەک شێت دەبن)﴾[سورة البقرة: ٢٧٥]،

عبد الله ئيبن ئەحمەد ئيبن حەنبەل دەڵێت: ووتم بە باوكم كە كەسانێك بانگەشەی ئەوە دەكەن كە جنۆكە ناچێتە لاشەی مرۆڤەوە، ئەويش فەرمووی: ئەی كوڕم درۆ دەكەن ئەوەتا لەسەر زمانی -نەخۆشەكە- قسە دەكات لەكاتێكدا لەسەر

جێگاكەی پاڵكەوتووە. وهەروەها -ڕەحمەتی خوای لێبێت- لە (ب ٢٤ ل٢٧٦-٢٧٧ : مجموع الفتاوی) دەڵێت: بوونی جنۆكە بەڵگەی جێگیری لەسەرە لە قورئان وسونەت ویەكدەنگی پێشینی ئومەت وپێشەوایان، وهەروەها چوونی جنۆكە بۆ نێو لاشەی مرۆڤ سەلێمنراوە بە یەكدەنگی ئەهلی سونە.

وبە سەحیحی هاتووە كە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

(شەیتان بەناو -لاشەی- نەوەی ئادەمدا دەڕوات هەروەكو ڕۆیشتنی خوێن).

عبد الله ئیبن ئەحمەد ئیبن حەنبەل دەڵێت: ووتم بە باوكم كە كەسانێک بانگەشەی ئەوە دەكەن كە جنۆكە ناچێتە لاشەی مرۆڤەوە، ئەویش فەرمووی: ئەی كوڕم درۆ دەكەن ئەوەتا لەسەر زمانی -نەخۆشەكە- قسە دەكات. وئەمەی باسی دەكات شتێكی بەناوبانگە، مرۆڤ تووشی تێكچوون دەبێت بەهۆی مەسەوە وجنۆكەكە لەسەر زمانی قسە دەكات بە قسەیەک هەر خۆیشی لێی تێناگات، و بەتوندی لەسەر لاشەی دەدرێت ئەگەر لە وشترێک بەو شێوەیە بدرێت ئەوا زۆر كاریگەری لەسەر دەبێت، بەڵام نەخۆشەكە هەر هەستی پێناكات، ولەوەیە نەخۆشەكە خۆی بەهۆی تێكچوون وپەلهاویشتنەوە كەسێكی تر ڕابكێشێت وئەو ڕاخەرە ڕابكێشێت كە لەسەری دانیشتووە ودەوری ببات لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر وئەمە ڕوودەدات لەلای ئەوانەی بینیویانە دەزانێت ئەوەی قسە دەكات لەسەر زمانی مرۆڤەكە وئەم شتانە دەجوڵێنێت مرۆڤ نیە. لە نێو پێشەوایانی مسوڵماناندا كەسێک نییە نكۆڵی بكات لەوەی جنۆكە دەچێتە نێو لاشەی مرۆڤەوە، وهەركەسێک نكۆڵی لەمە بكات وبانگەشەی ئەوە بكات كە شەریعەت ئەم شتە بە درۆ دەخاتەوە ئەوا درۆی كردووە بەناوی شەریعەتەوە وهیچ بەڵگەیەكی شەرعی نیە پێچەوانەی ئەمە بێت.

وئيمام ئيبم ئەلقەيم -ڕەحمەتى خواى لێبێت- لەكتێبى (زاد المعاد في هدي خير العباد: ب٤ ل٦٦-٦٩) دەڵێت:پەرکەم وتێکچوون دوو جۆرە: تێکچوونێک -پەرکەمێک- بەهۆى ڕۆحە پيسەکانەوە وپەرکەمێک بەهۆى تێکەڵە پيسەکانى لاشەوە، ودووەم ئەوەيە کە پزيشکەکان لەسەرى قسە دەکەن وهۆکار وچارەسەرەکانى باس دەکەن.

بەڵام پەرکەم بەهۆى ڕۆحەکانەوە: ژيرەکان دانى پێدا دەنێن ونکوڵى لێناکەن، ودان بەوەدا دەنێن کە چارەسەر ئەوەيە لەبەرامبەر ئەمانەدا رۆحى پاک وخێرويستى ئاسمانى هەبێت لەبەرامبەر ئەم رۆحە پيسانە بۆئەوەى شوێنەوار وکاريگەريان دوور بخەنەوە، وبەرامبەر کردەوەکانيان بوەستنەوە وپوچەڵيان بکەنەوە، و بوقرات باسى ئەمەى کردووە وهەندێک چارەسەرى بۆ ئەم جۆرە تێکچوونە باسکردووە، ودەڵێت: ئەمە سوودى هەيە بۆ ئەوەى تووشى پەرکەم بووە بەهۆى تێکەڵە ومادەکانەوە، بەڵام پەرکەم بەهۆى ڕۆحەکانەوە ئەم چارەسەرە هيچ سوودێکى بۆى نيە.

کەچى نەزانەکان لە پزيشکەکان وئەوانەيان کە باوەڕيان وايە زنديقێتى باشە ئەوانە نکوڵى دەکەن لە تووشبوون بە پەرکەم بەهۆى ڕۆحەکانەوە، وباوەڕيان وانيە کە کاريگەرى هەبێت لەسەر لاشەى مرۆڤ ولە نەفامى زياتر هيچى تريان پێ نيە لەسەر ئەم قسانەيان، ئەگەر نا لە پزيشکيدا هيچ شتێک نيە کە نکوڵى لەمە بکات، و هەست و واقيع شاهێدى بۆ دەدات، وپێيان وايە ئەمە بەهۆى زاڵبوونى تێکەڵەکانى لاشەيە ؛ هەندێکجار ئەم قسەيان ڕاستە لە هەندێک بەشيدا بەڵام نەک هەمووى، هەتاوەکو دەڵێت: وپزيشکە زنديقەکان هاتن و ووتيان پەرکەم تەنها بەهۆى تێکەڵى مادەکانە، وهەرکەسێک ئەقڵ وزانستى هەبێت بەم ڕۆحانە وکاريگەريان؛ پێدەکەنێت لە نەزانينى ئەمانە ولاوازى درک وتێگەيشتنيان.

چارەسەری ئەم جۆرەيان بە دوو شت دەبێت: يەكێكيان لەلايەن نەخۆشەكەوە وئەوی تريان لەلايەن چارەسەركارەوەيە، ئەوەی لەلايەن نەخۆشەكەيە ؛ دەبێت بەهێز بێت، و بەڕاستگۆيی ڕوو بكاتە خوای گەورە دروستكاری ئەم ڕۆحانە، وپەناگرتنی سەحيح ودروست بە زمان ودڵ. ئەمە جۆرێكە لە جەنگ، وجەنگاوەر بە چەك سەرناكەوێت بەسەر دوژمنەكەی مەگەر بە دوو شت نەبێت: دەبێت چەكێكی چاك بێت لەخودی خۆيدا، ودەبێت ئەو بازووەی هەڵيدەگرێت بەهێز بێت ؛ بۆيە ئەگەر يەكێكيان لاواز بێت ئەوا چەكی زۆر وبەهێزيش سوودی نابێت، ئەی چی ئەگەر هەردووكی نەبێت، ودڵ چۆڵ بێت لە تەوحيد وتەوەكول وتەقوای خوای گەورە و بەڕاستگۆيی ڕووكردن لە ئەو زاتە، بۆيە چەكێكی پێ نييە.

دووەم: لەلايەن چارەسەركارەوە، دەبێت ئەم دووشتەی تێدا بێت، تەنانەت هەندێك چارەسەركار هەيە تەنها دەڵێت: (دەرچۆ لە لاشەی)، يان دەڵێت: (بسم الله)، يان دەڵێت: (لا حول ولا قوة إلا بالله)، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (وەرە دەرەوە ئەی دوژمنی خوا من پێغەمبەری خودام).

وبينيم شێخەكەمان كەسێك دەنێرێت بۆ لای نەخۆشەكە بۆئەوەی قسە بكات لەگەڵ ئەو ڕۆحەی چووەتە نێو لاشەيەوە، ودەڵێت: شێخەكەم پێتی ووت دەربچۆ ؛ ئەم كارە حەڵاڵ نيە بۆت، نەخۆشەكە بەئاگا ئەهاتەوە ولەوەيە قسەی لەگەڵدا بكات، يان لەوەيە ڕۆحە سەركەش وملهوڕەكە بە لێدان دەربچێت، بۆيە نەخۆشەكە بەئاگا دێتەوە وهەست بە ئازار ناكات. وئێمە وخەڵكی تر زۆر جار ئەم شتەمان بينی، هەتاوەكو ووتی: و بەشێوەيەكی گشتی ئەم جۆرە لە نەخۆشی وپەركەمە وچارەسەری ؛ تەنها خەڵكانێكی كەم نكۆڵی لێدەكەن كە زانست وتێگەشتنيان لاوازە. وزۆر جار زاڵبوونی ڕۆحە پيسەكان بەسەر مرۆڤدا بەهۆی لاوازی دينداری يان وێرانی دڵ وزمانيانە لە هەقيقەتەكانی زيكر وخۆپاراستنە نەبەوی وئيمانيەكان، بۆيە ڕۆحە پيسەكە دەبينێت مرۆڤ هيچ چەك وهۆكارێكی خۆپاراستنی پێ نييە و لەوەيە ڕووت

بێت وئەمیش کاریگەری هەیە ئەگەر ناوی خودای نەهێنا بێت لەکاتی داکەندنی جلەکانی، مەبەست باسکرا لە قسەکانی -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

ئەوەی باسمان کرد لە بەڵگە شەرعیەکان ویەکدەنگی زانایان لە ئەهلی سونە وجەماعەت لەسەر ئەوەی دەکرێت جنۆکە بچێتە لاشەی مرۆڤەوە ؛ بۆمان ڕوون دەبێتەوە پوچەڵە بانگەشەی ئەوانەی نکۆڵی لەمە دەکەن ولێکدانەوەیەکی هەڵەیە لەلایەن شێخ عەلی تەنتاویەوە کە نکۆڵی دەکات لەم بابەتە.

ولە قسەکەیدا پەیمانی دا بە گەڕانەوە بۆ هەق وڕاستی هەرکاتێک ڕێنموێنی بۆ کرا، بەڵکو بگەڕێتەوە بۆ سەر هەق پاش خوێندنەوەی ئەوەی باسمان کرد وداواکارین خوای گەورە ئێمە وئەویش سەرکەوتوو بکات وهیدایەتمان بدات.ولەو شتانەی باسمان کرد ئەوەیە کە ڕۆژنامەی (الندوة) بڵاوی کردەوە لە ژمارەی چاپی بەرواری ١٤/١٠/١٤٠٧ ك , ل ٨ لە دکتۆر موحەمەد عرفانەوە کە دەڵێت وشەی (شێتی : جنون) نەماوە لە فەرهەنگی پزیشکی، وبانگەشەی ئەوە دەکات کە چوونی جنۆکە بۆ نێو لاشەی مرۆڤ وقسەکردنی لەسەر زمانی تێگەیشتنێکی زانستی هەڵەیە سەد لە سەد.هەموو ئەمانە پوچەڵە و بەهۆی کەمی زانستی شەرعیە بەوەی زانایانی ئەهلی سونە وجەماعەت بڕیاریان لەسەر داوە.

ئەگەر ئەم بابەتە لەلای زۆرێک لە پزیشکان شاراوە بێت ئەمە بەڵگە نیە لەسەر نەبوونی، بەڵکو بەڵگەیە لەسەر گەورەیی نەزانینیان بەوەی کەسانی شارەزای تر دەیزانێت لە زانا ناسراوەکان بە ڕاستگۆیی ودەستپاکی وچاوڕۆشنی سەبارەت بە بابەتەکانی ئاین، بەڵکو ئەمە یەکدەنگی ئەهلی سونە وجەماعەتە.هەروەکو چۆن شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە دەیگێڕێتەوە لە کۆمەڵێک لە زانایان، وهەروەها ئەبی حسەنی ئەشعەری باسی ئەوە دەکات کە ئەمەی گێڕاوەتەوە لە ئەهلی سونە وجەماعەت، وهەروەها دەیگێڕێتەوە لە ئەبی حەسەنی ئەشعەری : عەلامە ئەبو

عبدالله موحەمەد کوڕی عبدالله ئەلشبلی ئەلحەنەفی کە لە ساڵی ٧٩٩ ك وەفاتی کردووە لە کتێبی: (آكام المرجان في غرائب الأخبار وأحكام الجان) لە بابەتی پەنجا ویەک لەو کتێبەدا.

وپێشتر لە قسەکەی ئیبن ئەلقەیم -ڕەحمەتی خوای لێبێت- باسکرا کە پێشەوای پزیشکان وژیرەکانیان دان بەمەدا دەنێن وڕەتی ناکەنەوە، بەڵکو تەنها پزیشکە نەفام وزندیقەکان نکۆڵی لێدەکەن. بۆیە بزانە ئەی خوێنەری بەڕێز کە دەستت گرتووە بەوەی باسمان کرد لە هەق وڕاستی، وهەڵمەخەڵەتێ بە پزیشک وئەوانی تر ونە بە ئەوانەی کە قسە دەکەن لەسەر ئەم بابەتە بەبێ زانست وبێ چاوڕۆشنی بەڵکو تەنها لاساییەکی کوێرانەیە بۆ پزیشکەکان وهەندێک لە ئەهلی بیدعە وەکو موعتەزیلەکان وهتد، وخوای گەورە یارمەتیدەرمان بێت بۆ پێکانی هەق وڕاستی.

[«مجموع فتاوى ومقالات متنوعة» ابن باز (٣/ ٢٩٩-٣٠٨)]

# ئاگادارکردنەوە

ئەوەی باسمان کرد لە فەرموودە سەحیحەکان لە پێغەمبەری خوداوە -صلی الله علیه وسلم- وقسەی زانایان بەڵگەن لەسەر ئەوەی قسەکردن لەگەڵ جنۆکە وئامۆژگاری کردنی وبانگەوازی کردنی بۆ ئیسلام و وەڵامدانەوەی هەموو ئەمانەی پێچەوانەی ئەوە نین کە خوای گەورە دەیگێڕێتەوە لە نزاکانی پێغەمبەر سولەیمان -علیه الصلاة والسلام- لە سورەتی (ص) کە دەفەرموێت:

﴿قَالَ رَبِّ اغْفِرْ لِي وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنبَغِي لِأَحَدٍ مِّن بَعْدِي ۖ إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ﴾

واتە: ﴿وتی: پەروەردگارا لێم خۆش ببە و دەسەڵاتێکم پێببەخشە کە دەست نەدات بۆ کەسی تر لە دوای خۆم، چونکە بەڕاستی تەنها تۆ بەخشێنەری هەموو ناز و نیعمەتێکیت.﴾[سورة ص: ٣٥]

وهەمان شت لە فەرمانپێکردنی بە چاکە ونەهی لێکردنی لە خراپە ئەگەر دەرنەچوو هەموو ئەمانە پێچەوانەی ئەم ئایەتە پیرۆزە نین، بەڵکو واجبە لەڕوانگەی دوورخستنەوەی چەتە ورێگر وسەرخستنی ستەملێکراو وفەرمان بە چاکە ونەهی لە خراپە هەروەکو چۆن ئەم کارانە دەکرێت لەگەڵ مرۆڤدا.وپێشتر لە فەرموودە سەحیحەکەدا باسکرا کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: (شەیتانم گرت هەتاوەکو لیکی ڕێی دەکرد) بەسەر دەستی پیرۆزی -صلی الله علیه وسلم-، وفەرمووی: (ئەگەر نزاکەی سولەیمانی برام نەبوایە ئەوا دەمبەستەوە بۆئەوەی بەیانی خەڵکی ببینن)، ولە گێڕانەوەی (مسلم) لە فەرموودەی ئەبی دەردائەوە کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت:

(دوژمنی خوا ئیبلیس پارچە ئاگرێکی هێنا بۆئەوەی فڕێی بداتە سـەر ڕووم، ووتم: پەنا بە خوای گەورە دەگرم لە تۆ -سێ جار-، پاشـان ووتم: نەفرەتت لێدەکەم بە

نەفرەتی تەواوی خوای گەورە سێ جار -بەڵام نەگەڕایەوە-، پاشـــان ويســـتم بيگرم وئەگەر نزاكەی ســـولەيمـانی برام نەبووايە ئەوا دەمبەســـتەوە بۆئەوەی بەيـانی بەسەردابێت ومنداڵەكانی مەدينە ياری پێبكەن).

ئەو فەرموودانەی ئاماژە بۆ ئەم مانايە دەكەن زۆرن، وهەروەها قسەی زانايانيش. وهيوادارم ئەوەی باسمان كرد بەس بێت وجێی قەناعەت بێت بۆ ئەوانەی هەق ويستن، وداواكارم لە خوای گەورە بەناوە جوانەكانی وسيفەتە بەرزەكانی كە سەركەوتوومان بكات لەگەڵ هەموو مسوڵمانان بۆ تێگەيشتن لە ئاينەكەی ودامەزران لەسەری، ورێنموێنيمان بكات بۆ پێكانی هەق لە قسە وكردەوەدا، وپەنامان بدات لەگەڵ هەموو مسوڵمانان لە قسەكردن بە بێ زانست يان نكۆڵی كردن لەشتێك كە زانستمان سەبارەتی نەبێت، ئەو تواناداره لەسەر ئەم كارە.

وصلی الله وسلم علی عبده ورسوله نبينا محمد وعلی آله وأصحابه وأتباعه بإحسان.

# پێـڕست

پێشەکی.............................................................................. ٤

حوکمی سیحر و فاڵگرتنەوە وئەو شتانەی پەیوەندیان پێوەی هەیە .............. ٦

سیحرکردنی ئافرەت لە مێردەکەی........................................... ٢٢

حوکمی داواکردن لە ساحیرەکان وتەڵەبازەکان .................................... ٢٥

چارەسەر لەلای پزیشکی خۆماڵی کە جنۆکە بەکاردەهێنێت بۆ چارەسەر کردن . ٢٩

دەرمانی شەرعی بۆ چارەسەری سیحر .......................................... ٣١

ڕوونکردنەوەی هەقیقەتی چوونی جنۆکە بۆ نێو لاشەی مرۆڤ و ڕەتدانەوەی ئەوانەی نکۆڵی لەمە دەکەن........................................ ٣٨

ئاگادارکردنەوە................................................................. ٥٢

پێـڕست ........................................................................ ٥٤

# ننشر الإسلام بأكثر من 100 لغة

IslamHouse.com

مرجعيــة مجانيــة إلكترونية موثوقة للتعريف بالإســلام

موسوعة القرآن الكريم

QuranEnc.com

موسوعة تضم تفاسير وتراجم موثوقة لمعاني القـرآن الكريم

موسوعة الأحاديث النبوية

HadeethEnc.com

موسوعة تضم ترجمات للأحاديث النبويــــة وشروحها بعدة لغـــات

موسوعة المصطلحات الإسلامية

TerminologyEnc.com

موسوعة تضم ترجمات المصطلحات الإسلاميــة وشروحها بعدة لغـــات

منتقى

المحتوى الإسلامي

موسوعة تضم المنتقى من المحتوى الإسلامي باللغات

جـمـعـيــة الــدعــوة وتوعية الجاليات بالربوة

جمعية خدمة المحتوى الإســلامــي باللــغـــات